# دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی
# ( ئەنوەر قادر محمد ) دا

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. عبدالقادر حمه امین محمد

مامۆستای یاریدەدەر
م. ئاوارە فەرەیدون قادر

**پێشەکی:**

زاراوەی دەقئاوێزان لە رەخنەی نوێدا، بە مانای دامەزراندنی دەقەکانی داهاتوو لەسەر بنەمای بنیاتی دەقە رەسەنەکانی رابردوو، یاخود بەمانایەکی تر دەقئاوێزان پێکهاتەیەکە لە مانای دەقەکانی پێشووتر و کارکردنە لەنێوان دەقەکاندا و دەیەوێت پەیوەندی و کاریگەری دەقەکان بدۆزێتەوە، کە دەبێتە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی رەسەنیەتی و سەرچاوەیی دەق تیشکی دەقەکانی تر وەردەگرێت و لەگەڵ کرۆکدا یەکدەگرن، بۆیە دەقئاوێزان کارێکی هەڵوەشاندنەوەیە و دەق هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ چەند دەقێکی تر، کاری توێژینەوەکەش تیۆری و پراکتیکییە و دابەشکراوە بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە:-

بەشی یەکەم: چەمك و پێناسەی دەقئاوێزان

بەشی دووەم: جۆرەکانی دەقئاوێزان و یاساو میکانیزمەکانی

بەشی سێیەم: دەقئاوێزانی خودی و پراکتیزەکردنی بەسەر دەقەکانی شاعیردا

ئەنجام

سەرچاوەکان

پوختە

**- دەقئاوێزان وەك زاراوە**

زاراوەی دەقئاوێزان وەرگیراوی زاراوەی فەرەنسی (intertext)ە و کە (inter) لە فەرەنسیدا بە واتای ئاڵوێر دێت، بەڵام وشەی (text) لە رۆشنبیری رۆژئاوادا ئاماژەیە بۆ دەق، کە لەبنچینەدا لاتینییە(textus) بەواتای چنراو یان چنین دێت[١]، هەروەها زاراوەی (intertexte) ئاڵوویری دەقی لای هەندێك لە رەخنەگرە عەرەبەکان بە دەقئاوێزان وەرگیراوە[٢].

---

[١] – د.ابراهيم مصطفى محمد الدهون، التناص فى شعر ابي العلاء المعرى، عالم الكتب الحديث، الأردن، ٢٠١١، ص١٠.

[٢] – محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى، استراتيجية التناص، المركز الثقافى العربى، الدار البيضاء، ط١، ١٩٨٥، ص١٢١.

دەقئاوێزان (intertextuality) لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە " هەڵمژینی دەق بۆ دەقەکانی تر، لەگەڵ زیادە و کەمی و گۆڕان و گواستنەوەدا، بەشێوەیەك وا لە دەقێك دەکات بە دەقەکانیتر کەلە ژماردن نایەن، دووبارە ببێتەوە"[١].

لە بارەی بەکارهێنانی وشەی Intertextuality بەگشتی کۆدەنگیەکی جیهانی لەسەر ئەوە هەیە کە(جولیا کریستیڤا) رەخنەگری فەرەنسی بە رەگەز بولگاری رابەرایەتی ئەم زاراوەیەی کردووە، ئەمەش لە کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧ دا نوسراون لە گۆڤارەکانی تیل کیل (tel-guel) و کریتیك (critique) دا بڵاوکراونەتەوە[٢]، کەواتە "جولیا کرستیڤا یەکەم کەسە باسی لە چەمکی دەقئاویزان کردووە، کە پێناسەی کردووە بەوەی (کارتێکردنی دەق لە ناو خودی خۆیدا)"[٣]، بەم پێیەش جولیا زاراوەی دەقئاوێزان (Intertextuality)ی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابوردوەوە بۆ ئەم زانستە هێناوەتە ناو لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکانەوە، دوای ئەوەی لە (باختین)ی وەرگرت، کە لە چوارچێوەی چەمکی فرە دەنگی ناو دەقدا خستبوویە روو.

کەوایە کریستیڤا" داهێنەری زاراوەی دەقئاوێزانە، ئەم داهێنانەش پشت ئەستوور بووە بە پرەنسیپی گفتوگۆی باختین، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بە دوستویفسکی لە ساڵی١٩٢٩ دا"[٤].

لای عەرەبەکان بەشێوەیەکی گشتی بەزۆری زاراوەی (التناص)یان بەکار هێناوە[٥]، لەزمانی کوردیشدا لە بەرامبەر زاراوەی intertextualite بۆ یەکەمجار (عەبدوڵڵا طاهر بەرزنجی) لە ساڵی ١٩٩٧وشەی (دەقلێکئالان، دەقئاوێزان)ی لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (دەقئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان) بەکارهێناوە، بەڵام بەباشتری دەزانێت بەکوردی لە بەرامبەریدا زاراوەی(دەقئاوێزان) بەکاربهێنرێت.[٦] "زاراوەی دەقئاوێزان لە رەخنەی نوێدا، واتە دامەزراندنی دەقەکانی داهاتوو لەسەر بنەمای بنیاتی دەقە رەسەنەکانی رابردوو"[٧]. یاخود "دەقئاوێزان دروستکردن و پێکهێنانی مانای دەقەکانە لە دەقی ترەوە"[٨].

---

[١] – حیاة معاش، التناص فی تائیة ابن الخلوف، جامعة الجزائر، رسالة الماجستیر فی الادب المغربی القدیم، قسم اللغة العربیة و ادابها،٢٠٠٤، ص١٠.

[٢] – عبدالوهاب ترو ، تفسیر و تطبیق مفهوم التناص فی الخطاب النقدی المعاصر، مجلة الفکر العربی المعاصر، بیروت ١٩٨٩ ، العدد(٦٠-٦١)،ص٧٧.

[٣] – شربل داغر،التناص سبيلا الى دراسة النص الشعري وغيره،...charbeldagher.elabs.com.lb/ar/index.php?option=com

[٤] – سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٠.

[٥] – عزالدین المناصرة، علم التناص المقارن، ص١٧٧.

[٦] – عبدالله طاهر بەرزنجی، دەقئاوێزان و نوێگەرێتی ئەدەبیمان،گۆڤاری ئێستا، ژمارە(٣)، ساڵی ١٩٩٧،،ل١٦.

[٧] – تزفیطان تودوروف، ضمن– تودوروف و آخرون، في اصول الخطاب النقدي الجدید، ت: احمد المدینی، دار الشئؤون الثقافیة العامة، بغداد، ط٢، سنة ١٩٨٩،، ص٩٨.

[٨] – Agger، Gunhild Intertextuality Revisited: Dialogues and Negotiations in Media Studies. Canadian Journal of Aesthetics، 4، 1999.

دەقئاویزان کارکردنە لە نێوان کێڵگەی دەقەکانداو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ئەو پەیوەندی و کاریگەریانەی نێوان دەقەکان بدۆزێتەوە، یاخود کارکردنە لەسەر ئەو گواستنەوە جیاوازانەی کە لەنێوان دەقە کۆن و نوێکاندا هەیە، لە ئەنجامی ئەم کارلێکردنە، دەقئاویزان دەبێتە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی ڕەسەنیەتی و سەرچاوەیی دەق.

**– چەمك و پێناسەی دەقئاویزان**

"پێش ئەوەش کە ئینتەرتێکستوالیتی وەك میتۆدێکی لێکۆڵینەوە پەیدا ببێ، گەلێ شاعیر و زانا ئەم بیرەیان بە خەیاڵدا هاتووە و لێی دوواون، بۆ نموونە (ت.س ئیلیوت) ساڵی ۱۹۱۹، دەڵێ: ماناو ناوەرۆکی بەرهەمی هیچ شاعیرێ، یان کاری هونەری هیچ دانەرێ، بەتەواوی هی خۆی نییە. نرخاندنی ئەو لە پەیوەندی لەگەڵ شاعیر و هونەرمەندە مردووەکاندا دیاریدەکرێ"[١]، بەڵام لە ڕاستیدا مەرجنییە هەر شاعیرە مردووەکانبێت، بەڵکو شاعیرە زیندوو و هاوچەرخەکانیش پێکهێنەری دەقئاویزانن.

(فردیناند دوسوسێر) لە بواری زماندا ئاماژەی بەوە کردووە کە"وشە هەر خۆی بەتەنیا نییە"[٢]، ئەم قسەیە بنەمایەکی لە زاراوەی دەقئاویزاندا هەیە کە دواتر لای شێوازگەرە ڕووسەکان و بەتایبەت لە لای (شکلوفسکی) سەریهەڵدا کاتێك دەڵێت "کاری هونەری لە ڕێگەی پەیوەندی بە کاری هونەری ترەوە هەستپێدەکات و بەتایبەتی بەو پەیوەندیانەی کە لە نێوانیاندا دەبەسترێت"[٣]،و (د. شجاع العانی) دەڵێت: "(شکلۆفسکی) یەکەم کەسە ئاماژەی بە دەقئاویزان کردبێت، کاتێك دەڵێت "لە کاری هونەریدا هەست بە پەیوەندی لە گەڵ کارەکانی تردا دەکات، بە هۆی ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوانیاندا دروستدەبێت"[٤]. پاشان (میخائیل باختین) وەك میتۆد کاری لەسەرکرد، هەر بۆیە "سەرەتاو بنچینەی بەکارهێنانی دەقئاویزان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی زاراوەی (فرە دەنگی) یان (دیالۆگی)، میخائیل باختین کەلە کتێبی (فەلسەفەی زمان) بەکاری هێناوە، کە نوسینەکانی کە لەسەر چیرۆکنوسی ڕوسی (دستوفیسکی) یە، بەڵام دواتر (جولیا کریستیڤا) لە ساڵی ۱۹٦٦دا، بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی بەکارهێناو بەهۆی شوێنکەوتنی باختین و لە ئەنجامی کارکردن لەناو دەقی شیعردا، لە لێکۆڵینەوەی (شۆڕشی زمانی شیعریی) کاری لە دەقئاویزاندا کردووە و بەوە دەیناسێنێت کە (کارلێکی دەقییە لە نێو دەقدا)"[٥].

---

[١] – د.ئەنوەر قادر محەمەد، دەقئاویزانی شیعری مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوگۆزی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ۱۸، بەشی B، تشرینی یەکەمی ۲۰۰٦، ل۹.

[٢] – تودوروف و آخرون، في اصول الخطاب النقدي الجديد، ت: احمد المدینی، دار الشئؤون الثقافية العامة، بغداد، ط۲، سنة ۱۹۸۹، ص ۱۰۳.

[٣] – عبدالله العزامي، الخطيئة والتكفير ( من البنيوية الى التشريحية ) كتاب النادي الثقافي ، جدة السعودية، ط۱، ۱۹۸۵ ، ص ۳۲۱.

[٤] – عبدالستار جبرالاسدی،ماهيةالتناص،www.**fikrwanakd.aljabriabed.net**/n28_09fikrassad.htm.

[٥] – محمد عزام، شعرية خطاب السرد، من منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، ۲۰۰۵، ص۱۱٦.

کەواتە"چەمکی دەقئاویزان رەنگدانەوەی بۆچونەکانی باختینە لە دیالۆگەکەیدا، کە رێککەوتن و گونجاندنی تەواوی بۆچونەکانی باختین و کریستیڤا رووندەکاتەوە"[1].
بە پێی لێکۆڵینەوە رۆژئاواییەکان "(میخائیل باختین) یەکەم کەسە ئاماژەی بە چەمکی دەقئاویزان کردووە، لە کتێبی (مارکسیەت و فەلسەفەی زمان)، لەساڵی ١٩٢٩، چونکە ئەوەی خستوەتە روو کە دەقئاویزان وەستانە لە سەر ئەو راستییەی کە لەناو دەقەکاندا هەیە، ئیتر بە گەڕانەوە بێت، یان لاساییکردنەوەی دەقەکان، یان هەر شێوازێکی تر"[2].
واتە (باختین)،"خوێندنەوەی بۆ دەقئاویزان لەژێر ناونیشانی دیالۆگی(dialogism)دا کردووە، لە پێش ئەوەی زاراوەی دەقئاویزان بێتە ئاراوە، بەڵام زاراوەکە بەناجێگیری و ناڕوونی و نادیاری مایەوە، تا ئەو کاتەی بونیادگەری و دوای بونیادگەری هاتن، بۆ گەشەپێدانی بواری دەقئاویزان، باختین لە پەخشاندا گرنگی بە دەقئاویزان داوە، لەکاتێکدا بۆچوونی وابووە کە شیعر تەواوی خەسڵەتەکانی دەقئاویزان لەخۆ ناگرێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی رۆژگار ئەوەی سەلماند کەپێویستە لەشیعردا خوێندنەوە بۆدەقئاویزان بکرێت و رەنگە مەبەستی باختین دەربارەی دەقئاویزان لە شیعردا ئەوەبووبێت، کە لە شیعردا زۆر ئاڵۆز و قوڵ و نادیارترە وەك لە رۆماندا، لەبەرئەوەی دەقئاویزانی دیالۆگی لە رۆماندا، هەروەك دەڵێت بەشێوەیەکی روون و ئاشکراو بەهێز هەیە، کەدەکرێت بەئاسانی تێبینیبکرێت، بەپێچەوانەی شیعرەوە"٣.
(باختین) دەربارەی کاریگەری و بەدوادایەکدا هاتنی دەقەکان دەڵێت:"هەموو وتراوێك، جگە لە وتەکانی ئادەم، لەسەر بنەمای وتەکانی پێشخۆی بنیات نراوە"[4]، کەواتە باختینیش بەهەمان شێوە مەبەستی بووە قسە لەسەر دەقە نوسراوەکان بکات و لە چوارچێوەی ماتریالیستی دەرنەچێت، هەروەها دەڵێت:"هەموو ژانرێکی نوێ تەواوکەری ژانرە کۆنەکانە، ئەم بابەتە نوێیە تەنیا دەورووبەر و رووبەر و مەودای ئەو ژانرانە کە پێشتر هەبوون بەرفراوان دەکات، هەر ئەمەش بۆتە روانگەیەك بۆ بەردەوامی هونەر و ژیانەوەی بەها و نەریتە ئیستێتیکیە بەرزەکانی کۆن بە رووخسارێکی تازەوە"[5]، ئەمەش واتە هیچ دەق و وتە و نوسراوێك تاد، بەبێ رەنگدانەوەی وتە و دەق و ....تاد، پێش خۆی دروست نابێت.
(تودوروف) لە سەرەتای کتێبی پرەنسیپی دیالۆگدا لای باختین،باسی لە وە کردووەو دەڵێت:"بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە دەبنە هۆی پەیوەستبوونی

[1] – عبدالمنعم محمد فارس سليمان، مظاهر التناص الدينى فى شعر احمد مطر، رسالة ماجستير فى اللغة العربية بكلية الدراسات العليا فى جامعة النجاح الوطنية فى نابلس، فلسطين،٢٠٠٥،ص١٣.
٢ – ايمان الشنينى، التناص (النشأة والمفهوم) ofouq.com/today/modules.php?name=News&file=article&sid=1382
[3] – عزالدين المناصرة، علم التناص المقارن، (نحو منهج عنكبوتى تفاعلي)، جامعة فيلادلفيا، ط١، ١٤٢٧هـ –٢٠٠٦م، ص١٤٢.
[4] – افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ترجمة وتقديم د.محمد خير البقاعى، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٨٨، ص١٠٧.
[5] – د.ئەنوەر قادر محەمەد، دەقئاویزانی شیعری مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوگۆزی، ل١١.

دەربڕینێك بە دەربڕینێکی تر پەیوەندی دەقئاویزانییە، واتە دوو واژە، دوو دەربڕین، جۆرێك پەیوەندی دەلالی تایبەتییان هەیە کە ئێمە پێیان دەڵێین (پەیوەندی دیالۆگی)، واتە پەیوەندی دیالۆگی پەیوەندی دەلالیە لە نێوان هەموو دەربڕینەکاندا کە دەکەونە بازنەی واژەکانەوە"[1].

بێگومان لە پرۆسەی دەقئاوێزانیشدا رۆلان بارت رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە دوای جولیا کریستیڤاوە، چونکە هەوڵیداوە کار لەسەر پەیوەندیەکانی دەق و ئەو کاریگەریانەی نێوان دەقەکان و گرنگیان لەسەر یەکتری بخاتە روو، بەمەش دەق دەبەستێتەوە بە چنراوێکی پەیوەستبوو لەنێوان دەقەکاندا.

دەقئاوێزان لای (رۆلان پارت) "جەوهەرێکە کە تیشکی دەقەکانی تر وەردەگرێت و لە گەڵ ئەم کرۆکەدا یەکدەگرن، بۆئەوەی دەقێکی نوێ دابمەزرێنێت و لە هەمانکاتدا ملکەچی یاساکانی پێکهێنان و بنیاتنان و یاساکانی هەڵوەشاندنەوە دەبن، واتە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە یان دەقەکانی تر"[2]، کەواتە دەقئاوێزان کارێکی هەڵوەشانەوەییەو دەتوانێت بەهۆی پێوەرەکان دەقێك هەڵبوەشێتەوە بۆ چەند دەقێکی تر، دواتر پەیوەندیەکانی نێوان خودی نوسەر وخوێنەر و دەق بدۆزێتەوە و"پێویایە شیکاری دەقیی بەتەواوی ئەو ئامانجە مێژوویی و ئەدەبیانە یان مێژووە گشتیانە وەلا نانێت، بەڵکو ئەوەی کە وەلایدەنێت ئەو شتە ئەفسانەییەکانن"[3].

لە روانگەی (رۆلان بارت )ەوە "دەقئاوێزان لە دوو جەمسەرەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەمیان جەمسەری رۆشنبیری نوسەر، کە دەقەکە بەرهەمدێنێت، جەمسەری دووەمیان خوێنەرە کە لە خەزنکردنیدا جیاوازە لە داهێنان، چونکە دەق بەشێوەیەکی تر بەرهەمدێنێت و لە رێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە دەق دەردەکەوێت، ئەویش لە ئەنجامی جیاوازی جەمسەری فکری هەریەکە لە خوێنەرەکان"[4].

(جیرار جینیت) لە بارەی دەقئاوێزانەوە دەڵێت: "بریتییە لە بوونی دەقێك لە دەقێکی تردا، یان ئامادەبوونی چەند دەقێکە لە دەقێکدا کە نوسەرەکە بەرهەمیدێنێت، ئیتر ئامادەباشییەکی راستەوخۆ بێت، یان شاراوە"[5].

لەبارەی کاریگەری و پێگەی ئەم پەیوەندیانەوە (باختین) دەڵێت:" ئەم جۆرە پەیوەندیانە (دیالۆگ)بە شێوەیەکی تایبەت جیاوازن و ئاراستەیەکی قوڵیان هەیە و ناتوانرێت کورتبکرێنەوە بۆ پەیوەندیەکانی لۆژیکی، زمانی، دەروونی، یان میکانیزمی، چونکە شێوازێکی جیاوازو تایبەتن لە پەیوەندیە دەلالیەکان و بەشەکانیشی لەو پەیوەندیانە پێکدێت کە لەپشتیەوە کۆمەڵێك قسەکەر هەیە، دەربڕی ئەو شێوازەن"[6].

---

[1]-تزفیتان تودوروف، ضمن – المبدأ الحواری، ترجمة: فخری صالح، دار الشؤون الثقافية العامة،العراق – بغداد، ط١، ١٩٩٢، ص ٨٢ .

[2] – احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، بغداد، الطبعة الاولی، ٢٠٠٤ ، ص٢٦.

[3] – د.حافظ المغربی، التناص و تحولات الخطاب الشعری المعاصر، جامعة الملك سعود، ٢٠٠٩، ص٥.

[4] – عبدالباسط مراشده، التناص فی الشعر العربی الحدیث، اطروحة دکتورا، جامعة الاردنية، عمان، ٢٠٠٠، ص١٦.

[5] – افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ص١٣٢.

[6] – افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ، ص٨٣.

کەواتە دەقئاوێزان، دەنگێکە بۆ دەقەکانی پێشتر، لەبەر ئەوەی دەقئاوێزان، پوختەی ئەو دەقانەیە کە سنورێك لە نێوانیاندا دەکێشێت و بە شێوەیەکی نوێ دایدەڕێژێتەوە، بۆیە پەیوەندیەکی ئاوێتەیی لەنێوان دەقەکانی رابوردو، یان دەقە هاوچەرخ و هاوشێوەکانیدا هەیە.

واتە دەقئاوێزان تێگەیشتنی دەقەکانە و لەهەمانکاتیشدا وایانلێبکات بە ئەرکی بەسودی خۆیان هەستن، بە شێوازێك وامانلێبکات لە بەردەم دەقێکی نوێدا بین، هەرچەندە لەگەڵ دەقی تردا بەریەککەوتنیان هەبووە، ئیتر بە بیر بێت یان بەزمان یان شێوە .

(جولیا کریستیڤا) دەڵێت "دەقئاویێزان بریتییە لە یەکتربڕین لە ناو دەقدا دەربڕینە لە وتەیەك کە لە دەقی ترەوە وەرگیراوە، هەروەها کاری دەقئاوێزانی بریتییە لە یەکتربڕین و گۆڕین"[١]، یان"بریتییە لە یەکتربڕی نێو بۆچونەکان کە لە دەقەکانی ترەوە وەرگیراوە"[٢]، یاخود دەڵێت: " هەموو دەقێك هەڵمژراوی دەقێکی ترە یان گۆڕاوی ئەوە"[٣]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەق بە شێوەیەکی گشتی توانای وەرگرتنی چەند دەقێکی تری هەیە گەرچی دژایەتی ئایدۆلۆژیشیان هەبێت، بەڵام لە بنچینەدا زنجیرەیەك لە فکرو تەکنیك و ئایدیا بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، بەواتای ئەوەی هەموو دەقێك هەڵهێنجراوە لە دەقێکی ترەوە و لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش واتە هیچ دەقێك نییە کە سکێچ و مۆتیڤی دەقی تری تێدا نەبێت.

بەپێی ئەم بۆچوونانەی کریستیڤا، دەقئاوێزان پرۆسەیەکی هەمە روخسار و ناوەڕۆکە، بەو واتایەی بەشێك لە سیماکانی وەك وەرگرتن، ناوهێنان،ئاماژە،....هتد، لەناو دەقەکاندا دەبینرێت، هەندێکیشیان پەیوەندیان بە لایەنی ناوەڕۆك و شاردنەوەی بیرۆکەکانە لە ناودەقەکاندا، لەم پێناوەشدا هەندێك جار دەق وردوخاش دەکرێت، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لە وێنای دەربڕینەکانیەوە دەقێکی تر بنیادبنرێتەوە.

لای (جولیا کریستیڤا) "شێوەکانی دەقئاوێزان لە دوو ئاستدا کۆ دەبێتەوە، ئاستێکیان بە شێوەیەکی لەخۆوەیەو بەبێ مەبەستە، کە تیایدا گوتاری نائامادە، دزە دەکاتە نێو گوتاری ئێستاوە بەبێ ئاگایی، ئاستی دووەمیان بە ئاگایی و مەبەستە و ئاماژە دەکات بە داڕشتنی گوتاری ئێستا بۆ دەقێکی تر، بە شێوەیەکی تەواو دیاریدەکات، تا دەگاتە پلەی دەقئاوێزانی"[٤].

پێناسەی دەقئاوێزان لە روانگەی (جیرار جینێت)ەوە بریتییە لەو گۆڕانەی کە دەقێك پەیڕەوی دەکات بە وەرگرتن لە دەقەکانی ترەوە، یاخود هەموو ئەو شتانەی کەدەق دەخەنە پەیوەندیەکی راستگۆیی یان شاراوەوە لەگەڵ دەقەکانی تردا"[٥]، و وایدەبینێت کە"دەقئاوێزان هەوڵدانە

[١] –مارك انجينو، ضمن – اصول الخطاب النقدي الجديد، ص١٠٣.

[٢] – د.مصطفى السعدني، التناص الشعري (قراء اخرى لقضية السرقات)، مركز الدلتا للطباعة،١٩٩١،، ص٧٨.

[٣] – ليون سومڤيل ، ضمن – التناصية (دراسات في النص و التناصية)، ترجمة محمد خير البقاعي، مركز الانماء الحضاري، حلب، ١٩٩٨، ص ٩٣.

[٤] – محمد عزام، النص الغائب(تجليات التناص في الشعر العربي)، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١، ص٣٨.

[٥] – كاظم جهاد، ادونيس منتحلا، دراسة في الاستحواز الادبي و ارتجالية الترجمة ، مكتبة متبولي ، ط٢ ، القاهرة ١٩٩٣، ص٣٦–٣٧.

بۆدۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دەقە پێکهێنەرەکانی دەقێکی دیاریکراو، کە ئەم پەیوەندیە چەندین رەهەندی جیاواز و وێنەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەك کە دەگەڕێتەوە بۆ تەنیا وێنەیەك، کە ملکەچی میکانیزم و پرۆسەی گۆڕینە، واتە بەشێوەیەك کە تەنیا دەقێك چەندین دەق لەخۆ دەگرێت و هۆکاری ئەمەش بریتییە لەوەی کە زۆربەی ئەم دەقانە، دەگۆڕێت تەنیا بۆ چەند ئاماژەیەك لەناو ئەو دەقەی لەخۆی گرتون"[١]، هەروەها دەڵێت "زۆر شت لە دەقەکان وەردەگرێت، بەڵام مەرکەزیەتی خۆی دەپارێزی[٢]".

(تودوروف) دەڵێت:"دەقئاوێزان گوتارەو تایبەت نییە بە (زانستی زمان) و هەموو پەیوەندیەکیش ناچێتە بواری دەقئاوێزانەوە، بۆیە پێویستە پەیوەندیە لۆژیکیەکان لە دیالۆگ دووربخرێنەوە" هەروەها"جۆرە دەربڕینێك نییە کە بەدەربێت و رەهەندێکی دەقئاوێزانی نەبێت"[٣]، واتە هەموو جۆرە دەربڕینێك لە پشتییەوە کاریگەرییەك هەیە، کەدەگەڕێتەوە بۆ دەقئاوێزان.

(سولێر) sollerr وایدەبینێت کە"دەقئاوێزان لە هەموو دەقێکدا جێگەی خۆی دەکاتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێك دەق، کە بەخوێندنەوەیەکی نوێی ورد و چڕ دادەنرێت"[٤]، ئەمەش بۆخۆی جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی دەقی بیّ دەقئاوێزان نییە.

(جوناثان کلیر) دەڵێت:" ئەگەر ویستمان دەستەواژەیەك یان دەقێك دەستنیشانکەین، بەوەی کە ئەمە ساتی دەرخستنی ئەسڵەکەیە، ئەوا بۆمانڕوندەبێتەوە کە پشت بە کۆدێکی رابوردو دەبەستن"[٥].

لە راستیدا هەموو دەقێك بریتیە لە هەڵمژین یان گۆڕینی زۆر لە دەقەکان، بۆیە دەقی نویّ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هەندێك ئاماژەی دەقەکانەو دەنگی نوسەر تاکە سەرچاوەی بەخشین یان وتنی شتەکانە و لە ئەنجامی بە ئەزموونی و توانستی نوسەر رادەی سودوەرگرتن و بەرهەمهێنانەوەی ئەو ئاماژانە دەردەکەوێت لەگەڵ میکانیزمی پیادەکردنی لەگەڵ دەقەکەی خۆیدا.

هەروەها (لیتشر) دەڵێت: "دەق خودێکی سەر بەخۆ نییە، بەڵکو زنجیرەیەك پەیوەندیە لەگەڵ دەقەکانی ترداو سنورێك بۆ دەقەکان نییە"[٦].

(هارولد بلوم)ە دەڵێت:"دەقئاوێزان لە ژێر کاریگەری ئەو ئارەزوەی دەقە کۆنەکە پەیڕەوی دەکات، وەك گرێیەکی ئۆدیبی وایە، وا لە نوسەر دەکات، کە لەسەر رێچکەی دەقی ئەم بڕوات یان لە هەمانکاتدا لێکیانبدات"[٧].

---

[١] – د.سلمان کاصد، عالم النص، دار الکندی للنشر والتوزیع، الاردن–ارید، ٢٠٠٣، ص٢٤٢.

[٢] – د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣، ل٥٧.

[٣] – تزفیتان تودوروف، ضمن– المبدأ الحواری، ص٨٢، ٨٤.

[٤] – د.سلمان کاصد، عالم النص، ص٢٤٢.

[٥] – د.صبری حافظ، افق الخطاب النقدی (التناص و اشاریات العمل الادبی)، دار الشرقیات للنشر و التوزیع، ط١، ١٩٩٦، ص٥٨.

[٦] – د.احمد مجاهد، اشکال التناص الشعری، الهیئة المصریة العامة للکتاب،١٩٩٨،ص٣٠.

[٧] – سەرچاوەی پێشوو،ص٣٢٩.

دەقئاویزان لە بارێکدا سەربەخۆیی دەق رادەگەیەنێت و لەبارێکی تریشدا شوێنکەوتەی دەقە، ئەم شوێنکەوتەییەش لە سیاقی دەروونی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیدایە، بەڵام "رەخنەی نوێ جەخت لە سەربەخۆبوونی دەقی ئەدەبی دەکاتەوە، بەڵام پەیڕەوی شوێنکەوتووی واتا باوەکەی ناکات، چونکە دەق پەیوەندی بە دەقی ترەوە هەیە، بەڵام هەوڵی ئاشکرا کردنیان نادات"[١].

دەقئاویزان بریتیە لە لێکدان و ئاوێتەبوون لە نێوان دەقە جیاوازەکاندا، لە پێناو بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێی خاوەن چەند رەهەندی و دەلالی و گوزارشتی جیاواز، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنی ئەم دەقەو بنیادنانی دەقێکی نوێ.

هەر دەقێك گەر بێت و بەوردی لە روانگەی دەقئاویزانەوە سەیریکەین و تێی بڕوانین، ئەوە بەدیدەکەین کە دەقێك یان چەند دەقێك بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ، خزاونەتە نێو دەقەکەوە و لەگەڵ دەقەکەدا کارلێکیان کردووە و بوونەتە بەشێك لە دەقەکە و پارچەیەکی سەربەخۆیان پێکهێناوە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین دەقئاویزان کەرنەڤاڵی دەقەکانە لەنێو دەقێکدا.

بەشێوەیەك لە شێوەکان دەتوانین بڵێین، کە سێبەری هەموو دەقێك دەقەکانی پێشترەو، دەقەکانی پێشتر دەبنەوە بە سایە بۆ دەقی لە دایکبوو، پاشتر رەنگە دەقی لەدایك بووش ببێتەوە بە سێبەری دەقێکی نوێ، (لیون سمفیل)ش دەڵێت:"دەق هیچ نییە جگە لە سێبەری سەرچاوەیەك"[٢]، درککردن بە سێبەری دەق لە توانای هەموو خوێنەرێکدا نییە، خوێنەری بەتواناو خاوەن ژێرخانی رۆشنبیری نەبێت، ناتوانێت بچێتە نێو وردەکارییەکانی دەق و سێبەری دەق دەستنیشان بکات و پەی بە وردەکاریەکانی بەرێت و بە خوێنەریان ئاشنا بکات، کە ئەمە کاری دەقئاویزانە.




دەق لە نەبووەوە لە دایك نابێت، هەروەها دووبارەی وێنەیەکی رابوردوو نییە، بەڵکو بریتییە لە ئەزموونی مرۆڤایەتی کە پێکەوە بەستراوە لە رووی مێژووییەوە"[٣].

لە کاری دەقئاویزاندا "داهێنەری دووەم دەگۆڕێت بۆ بەرهەمهێنەری دووەمی دەقی یەکەم، بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەق، و دەقەکە دەبێت بە دەقێکی نوێ، کە وابەستە نییە بە کۆدی یەکەمەوە، تەنها لەوەدا نەبێت کە پێکهاتەی سەرەتایی بەدەستهاتووە"[٤].

---

[١] – سەرچاوەی پێشوو،ص٤٣.

[٢] – لیون سمفیل، ضمن – افاق التناصیة، المفهوم و المنضور، ص١٠٠.

[٣] – د.مصطفى السعدني، التناص الشعري،، ص٧٨.

[٤] – سەرچاوەی پێشوو، ص٨٨.

بەم پێیە دەقئاوێزان دەبێتە باسێکی ئێستایی، ئیتر گرنگ نییە دەقەکانی رابردو هاتبنە ناو ئەم دەقەی ئێستا، بەو واتایەی ئەم دەقە سەر بە یەکێك لە دەقە کۆنەکان بێت، بەڵام ئەوە گرنگە بزانرێت چۆن رۆڵی نوێی پێبەخشراوە لە چوارچێوەی دەقی ئێستادا، یان پەرچە کرداری خوێنەر چییە لە بەرامبەر ئەم دەستێوەردانەی دەقی تر لە بنیادی دەقیدا، واتە دەقئاوێزان تەنها دەقی ئێستا زیندو راناگرێت، بەڵکو دەقی نائامادە و کۆنیش بە بەرزی دەهێڵێتەوە.

- دزی ئەدەبی

بریتییە لە وەرگرتنی واتایەکی گشتی یان تایبەتی دەقێك، یان چەند وێنە و روانینێکی نوسەرێك و بەکار هێنانەوەی لەناو دەقەکەی شاعیردا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکات.

یان دزی ئەدەبی بریتیە لە میکانیزمی کردارێك کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی دەقەکان و پەیوەندی نێوانیان، خودی دەقئاوێزانیش سەرپەرشتی ئەم پرۆسەیە دەکات و هەوڵدەدات ئەو میکانیزمی بەرهەمهێنانی دەقە ئاشکرا بکات، لە روانگەی ئەو پەیوەندیە کارلێکیەی کە لەنێوان دەقەکاندا هەیە.

دەبینین "دەقئاوێزان تێکەڵاوییەکی بەرفراوانی لەنێوان هەندێك چەمکی تری وەك (ئەدەبی بەراورد، دزی ئەدەبی ... ) دا هەیە ئەمەش لە ئەنجامی نزیکی ئەم چەمکانە لە یەکتری و ئاراستەی کارکردن،و گەیاندن و کاریگەریەوە "[1].

لە رەخنەی عەرەبیدا هەندێك زاراوە لە بەرامبەر (دزی) ئەدەبیدا بەکارهاتون لەوانە (الانتحال، الادعاء، الاغارة، الغصب، المرافدة، الاهتدام، الاختلاس، الموازنة، الالتقاط و التلفيظ)[2].

هەروەها "وەرگرتنی واتایەك و پێچەوانە کردنەوەی وەك دژی، بە دزی دانانرێت، یاخود مانای دەقێکی وەرگرت و شتێکی بۆ زیادکرد، بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بەرهەمبهێنێت، نابێتە دزی"[3]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەکارهێنانەوەی زاراوە و وشە و دەربڕینی پێشخۆی، بە مەرجێك ئەداو بەکاربردنێی نوێی پێببەخشێت کە سەرچاوەی وروژاندنی بیرۆکەکە دەقەکەی پێشوتربێت، ئەوکاتە دەبێت بە دەقئاوێزان.

لەو زاراوانەی کە نابنە هاوواتای دزی ئەدەبی وەك:

١- بیرهاتن (توارد و الخواطر): زۆر جار رێکدەکەوێت دوو شاعیر یەکزاراوە و یەك واتا بەکاربێنن، کەئەمە پێشتر وەك دزی تەماشادەکرا، دەکرێت بیرهاتن بخەینە خانەی دەقئاوێزانی نائاگاییەوە (تناص اللاوعی).

[1] - احمد ناهم جهاد الموسوی، التناص في الشعر العراقي الحديث، الجامعة المستنصرية، رسالة ماجستير، ١٩٩٨، ص ٦ .

[2] - د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، الجرجانی نموزجا، عالم الكتب الحديث، عمان- الاردن، ط١، ٢٠٠٧، ص ١٢٦.

[3] - د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، الجرجانی نموزجا ،ص٢١

٢- دروستكردن-بەرهەمهێنانەوە (التولید): بریتیە لە هەڵێنجانی واتا لەواتای شیعریی شاعیرێك و شتێكی تری بۆ زیاد دەكات.

٣- داهێنان: بریتیە لە هەڵاودێركردنی واتای پێشو و بەرهەمهێنانەوەی بە شێوازێكی نوێ و گوزارشتێك جیاواز لە پێشوو.

٤- تێهەڵكێش و وەرگرتن: بریتییە لە وەرگرتنی دەق، یان واتایەكە لە گەڵ دەقەكەدا دەیگونجێنین، بۆ مەبەستی جیاواز[1].

لە راستیدا بەكارهێنانی زاراوەی دزی وەك پێوەرێكی ئاكاریە نەك رەخنەیی، وەك مامەڵەكردن لە گەڵ دەقەكاندا، هەموو دەقێكی رابوردوش خۆی بۆ خۆی مێژوویەك تۆمار دەكات، بەبێ گرنگیدان بە تەكنیكی شێواز و شێوەی نوێ.

د.خلیل مونسی جیاوازی دەكات لە نێوان دەقئاوێزان و دزیدا و سنورێكی لە نێوانیاندا دیاریكردوە، كە بریتین لە:

١- لەسەر بنەمای پەیڕەو پرۆگرام: بەوەی دزی متمانە لەسەر میتۆدی مێژوویی و كاریگەری و پێشینەیەكی كاتی دەكات، چونكە ئەوەی دواتر دزیەكەیەو ئەسڵەكە بریتییە لە داهێنەرەكە، بەڵام دەقئاوێزان پشت بە میتۆدێكی بەكاربردن دەبەستێت و گرنگی زۆر بە دەقی نائامادە نادات.

٢- لەسەر ئاستی بەها: رەخنەگری دزی ئەدەبی هەوڵدەدات ئەم كارە قێزەون بكات، بەڵام رەخنەگری دەقئاوێزان هەوڵدەدات رەهەندی داهێنانی دەربخات لەسەر بنەمای بەرهەم.

٣- لەسەر بنەمای مەبەستیەتی: لە دزی ئەدەبیدا كاریگەری مەبەستدارو هوشیارانەیە، بەڵام لە دەقئاوێزاندا نا هەستیە[2]، واتە دزیەكە وەك یەكەو كاری بیری و هەستی نوسەری دووەمی تێدانییە و بەمەبەست ئەمەی وەرگرتووە لە پێناو خۆسەلماندندا، بەڵام دەقئاوێزان هێنانەوەی ئەو ئاماژە و بیرۆكانەیە كە بونەتە هۆی بەكاربردنێكی نوێ لە دەقی دووەمدا.

دەربارەی دزی ئەدەبی لە رەخنەی عەرەبیدا زۆر شت وتراوە، "هەربۆیە (اخطل) ی شاعیر دەربارەی خۆی و شاعیرەكانی تر دەڵێت (ئێمەی شاعیران دزترین زیاتر لەوەی داڕێژەر بین) كە ئەمەش تەنها تایبەت نییە بە عەرەبەوە، بەڵكو تایبەتە بە هەموو جیهانەوە"[3] و لەوانەیە نوسەر "برتولد بریخت(BERTOLDBRECHT)، باشترینیان بێت كە دەربارەی دزی دواوە، بەوەی وتوویەتی (شكسپیریش دز بووە)"[4] هەروەها "پول فالیری (PAUL VALIRE) دەربارەی كاری ئەدەبی دەڵێت (هەموو كارێك دەرئەنجامی كۆمەڵێك كاری ترە سەرباری دانەر (اضافة الى المؤلف))"[5] بەهەمان شێوە"ن.فرای (N.FRAE) كە رەخنەگرێكی هاوچەرخە ئاماژە بە وابەستەبوونی دەقە ئەدەبییە نوێكان دەكات بە توخمە (مادە) ئەدەبیە كۆنەكانەوەو دەڵێت (هەرچی شتی نوێ

---

[1] – عبد الستار جبر الاسدی،ماهیة التناص،www.fikrwanakd.aljabriabed.net/n28_09fikrassad.htm

[2] – عبد الستار جبر الاسدی،ماهیة التناص،www.fikrwanakd.aljabriabed.net/n28_09fikrassad.htm

[3] – د. سعید السلام، التناص التراثی، عالم الكتب الحدیث، اربد-الأردن، ط١، ٢٠١٠، ص٦٠.

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠.

[5] – سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠.

هەیە لە ئەدەبدا، هیچ نییە جگە لە توخمێکی کۆنی ئەدەبی، کە دووبارە داڕێژراوەتەوە، بەشێوەیەك کە پۆلێنکارییەکی نوێی پێببەخشێت)"[1]

دزی بەوەی لە دیوە شاراوەکەیدا دەتوانێت درێژە بە بوونی خۆی بدات کە دوای دەرچوونی لەمە ئیتر پێوەری زانستی نامێنێت، بۆیە دەقئاوێزان ئاوێزانبوونی چەند دەقێکە و خودی دەقئاوێزان زیاتر لە بەرهەم و بوارەکانی تر پێویستی بە هوشیاری هەست هەیە بۆ دیاریکردنی و دۆزینەوەی ئەمەش بەخوێنەری بەتواناو رۆشنبیر وخاوەن ئەزموون دەکرێت، لەبەرئەوە لێرەدا هێنانی باسی دزی لەوڕوانگەیەوەیە کە ئاراستەی کارکردنی دەقئاوێزان لەناو دەقدا بخرێتەروو،بۆئەوەی لەوتێکەڵبوونە دووربخرێتەوە کە لەنێوان دزی ئەدەبی و دەقئاوێزاندا دەکرێت، هەربۆیە بەشێوەیەکی گشتی باس لە دزی ئەدەبی کراوە.

### تەوەری دووەم: جۆرەکانی دەقئاوێزان

دەقئاوێزان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر کە بریتییە لە (دەقئاوێزانی خودی، دەقئاوێزانی هاوچەرخێتی، دەقئاوێزانی دەرەکی).

هەرچەندە تائێستا لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیری نییە هەموو بابەتەکانی دەقئاوێزان لەخۆ بگرێت، هەرلە پێناسەو جۆرو سەرچاوە و تایبەتمەندی...تاد، بەوەی هەر لێکۆڵینەوەیەك لایەنێك، یان چەند لایەنێکی دەقئاوێزانی خستوەتە ڕوو و بە جۆرێك پراکتیزەیکردووە .

کاری بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی سنوری نێوان دەقی بنچینەیی و دەقی دواتردا دەبێت، یان ئەو رووداو و کەسایەتیانەی کەشاعیر مەبەستیەتی لە دەقە نوێکەدا بەکاریانبهێنێتەوە، ئەمەش خۆی بۆخۆی گرنگی و بایەخی هەیە "دەق پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا گەشە پێدەدات و ئەمەش وا دەکات خوێنەر زیاتر هەست بە کات و رووداو و وێنای جیاواز بکات، بەمەش دەق لە لای خوێنەر دەبێت بە دەقێکی دەوڵەمەند و خاوەن رەهەند و دەلالە و واتا"[2].

دەقئاوێزان پەیوەستە بە خوێنەرەوە و پەیوەندیەکی لۆجیکی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، چونکە دەقئاوێزان دەرناکەوێت و بەدیناکرێت، ئەگەر بێت و وەرگر ئاگای لەو بەیەکدا چوون و هاتنە ناوەوەیەی دەقەکانی نێو دەق نەبێت و پلەی نزیکیان و پەیوەستبوونیان بەیەکەوە دیاری نەکات، بەم شێوەیە:

دەقئاوێزان= وەرگر ← کاریگەری ← خوێندنەوەی یەکەم ←

کاردانەوە ← خوێندنەوەی دووەم ← دۆزینەوەی پەیوەندیەکان

---

[1] – د. سعيد السلام، التناص التراثي، ص٦٠.

[2] –ابراهيم موسى، افاق الرؤيا الشعرية، دراسات في اذاع التناص في الشعر الفلسطيني المعاصر، وزارة الثقافة الفلسطينية، رام الله، ط١، ٢٠٠٥، ص٢١.

ئەگەر لێکۆڵینەوە بۆ هەڵسەنگاندی نوسەر بکەین، ئەوا دەبێت چوارچێوەی نوسەر تێپەڕێنین و لە ئاراستە جیاوازەکانەوە تێبیڕوانین، چونکە بەتەنیا بازنەی نوسەر پێویستی و زانیاریەکانی ئێمە تێر ناکات، هەروەها لە رووی کات و شوێنیشەوە، دەبێت تێپەڕێنرێت و بەدوای پاشماوەی کاریگەریەکانی رابردوودا بگەڕێین کە بەپێی کات و شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە هەموو ئاستەکاندا، وەك( کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کەلتووری و ...هتد)، هەر لەم روانگەیەوەیە کە لانسۆن lanson دەڵێت (سێ لەسەر چواری داهێنانی داهێنەر هی خۆی نییە)[١]، هەربۆیە داهێنانەکانی مرۆڤایەتی تەواوکەری یەکترین.

(علی العلاق) دەڵێت"بەو پێیەی قەسیدە کارێکی هونەریەو لە ساتێکی تایبەتەوە بەرهەمدێت و لەلوتکەی ناجێگیریی و دەوڵەمەندیدایە، ئەم ساتەش ساتێکە لە گەڵ ساتی تردا کەڵەکە دەبێت"[٢]، ئەم ساتەش پەیوەست نییە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، ئەمەش بەو واتایەی کە شاعیر دەتوانێت گەشت بەنێو کات و سەردەمەکاندا بکات، بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە شتە گرانبەهاکان، یان وشە گرانبەهاکان بەکار بهێنێتەوە، یان هەموو ئەوانەش کە بەرهەمی شارستانیەتی مرۆڤن، بۆیە پەیوەندی نێوان دەقی نوێ و دەقی کۆن لەسەر ئەم بنەمایەیە وەك:




بەپێی ئەم نەخشەیە بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان ئەوە روندەکاتەوە کە نوسەرو داهێنەری دەق کاریگەرە بە شارستانیەت و کەلتور خۆی، یان هی تر لە سەردەم و کاتەکەی یان هی پێشتر، بۆیە هەندێك جار نوسەر لەم پرۆسەی بەرهەمهێنانەدا پشت بە تێکدان و بنیاتنان دەبەستێت، لە پێناو سەر لەنوێ بونیادنانەوەی دەق دا، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر کۆپیبکات یان بیگوێزێتەوە، بەو پێیەی کە شتەکان وەردەگرێت یان دەیانگوێزێتەوە، بەڵکو بەرهەمهێن و داهێنەری گوزارشت و وشە و ماناکانە، ئەمەش لەو روانگەوەیە کە شاعیر بەرهەمێکی نوێی لە چەند دەقێکی تردا بەرهەمهێناوە، لە ئەنجامی ناهوشیاری، یان هوشیاری شاعیر لەم کارە، بە مەبەست کۆمەڵێك مەدلول و واتای قوڵی بەرهەمهێناوە، هەروەها کاتێك دەوترێت خوێنەر بەرهەمهێنی دەقە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کاتێك خوێنەر دەقێك وەردەگرێت، ئەوا بەپێی بۆچون و فەرهەنگی رۆشنبیری خۆی ئەو دەقە وەردەگرێت و لێکیدەداتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، زۆر جار هاوڕایە لەگەڵ نوسەری دەقدا و جاری واش هەیە رووبەڕووی دەبێتەوە و

---

١ – www.awu-dam.org/book/01/study01/52-m-a/book01-sd002.htm

٢ – علی العلاق، الدلالة المرئیة، دار الشروق، عمان، ط١،ص٥٢.

پێچەوانەی راکانی نوسەر راکانی خۆی دەخاتە روو، ئەمەش لە رێگەی تێکدان و دووبارە بنیاتنانەوەی دەقەوە دەبێت، لە پێناو خزمەتکردن بەو بیرەی هەیەتی لە ئەفراندنی دەقێکی نوێدا، بەمەش دەق لە رێگەی خوێنەرەوە کۆمەڵێك بەهای نوێی دەست دەکەوێت، ئەم بەهایانە جیاوازن بە پێی جیاوازی خوێنەر و بیرکردنەوەی کە بە پێی کات و سەردەم و ئایدۆلۆجیا گۆڕانی بەسەردا دێت.

سەبارەت بە پەیوەستێتی نێوان (دەقئاوێزان و دەق و خوێنەر)، دەتوانین بڵێین دەقئاوێزان وەك دراوێکە، کە دیوێکی دەقە و دیوەکەی تری خوێنەرە، کەبەبێ بوونی هەریەکێ لەو دوانە بەهای نابێت.

دەکرێت بڵێین خوێندنەوەی دەق خوێندنەوەیەکی بەرهەمهێنە و لە نووسینەوە نزیکە، بەشێوەیەك خوێنەری بەتوانا دەبێتەوە بەنوسەری دەقێکی نوێ.

"ئەگەر بونیادگەری دەق بە بونیادێکی داخراو دابنێت، ئەوا دەقئاوێزان دەق بە بونیادێکی کراوە و جوڵاو و نوێکەرەوە دادەنێت"[1].

لەم حاڵەتەشدا پێویستە شاعیر رۆڵی خوێنەرێکی بەرهەمهێن ببینێت، نەك تەنها خوێنەرێك بێت و بە سەریدا تێپەڕێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە بەلایەوە گرنگن لە قاڵبێکی نوێدا بەرهەمدێنێتەوە، بەمەش پرۆسەی بەرهەمهێنان لە سەریەتی زمانێکی تر بەرهەمبهێنێتەوە، پاش شتنەوەی لە کاریگەریەکانی نەریتە باوەکان بە تێڕوانینێکی نوێ دەریانبڕێ.

"دەقئاوێزان لە لێکۆڵینەوەی پراکتیکیدا بریتییە لە وروژاندنی پێگەی ستاتیکا لە دەقی شیعرییدا و هەوڵێکی جدیە بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی دەقی شیعریی لە خوێندنەکانی ترو شرۆڤەیەك کە زۆر قوڵبێت بەپێی بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان"[2].

(عبد النبی اصطیف) دەڵێت: " دۆزێك کە زۆر زیندو و مەترسیدارە و پەیوەند بە مەسەلەی بەرهەمهێنانی دەقەکان و ئاوێتەبوونی نێوانیان هەیە، بریتییە لەوەی کە دەق تەنها ئاوێتەی یەکتری نابن، لە رووی تێهەڵکێش و وەرگرتن و کاریگەربوون بە سەرچاوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم ئاوێتە بوونە دەچێتە نێو کێڵگە واتاییەکان، بەمەش کارلێکردنی دەقی دێتە ئاراوە"[3].

بۆیە بەرهەمهێنانی دەقئاوێزان کاریگەری زۆری لەسەر پێکهاتەی ئیستاتیکی و وێنەی هونەری و سەرلەنوێ بونیادنانەوە و رێکخستنەوە هەیە، بەپێی ئەو وێنایانەی کە شیعرەکە لەخۆی گرتوە و لەناو خۆیدا حەشاریداون، کەواتە "هەموو وێنەیەکی شیعریی وەك وێنەی هەر دەقێکی ئەدەبی (ئەدەبی و هونەری)یەو، لەکاتی داهێنانی شیعرییدا وێنەکان سیمای تایبەتی شیعریی وەردەگرن و لەگەڵ بنەماکانی تری داهێنانی شیعریدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و جیا نابنەوە"[4].

---

[1] – محمد عزام، النص الغائب،ص٣٣.

[2] – د.ابراهیم مصطفی محمد الدهون، التناص فی شعر ابی علاء المعری، ص٢٧.

[3] – عبدالنبي اصطيف، التناص، مجلة راية مؤته، ١٩٩٣، جامعة مؤته، ص٥٣.

[4] – د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعریی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦٩.

هیچ نوسەرێك ناتوانێت خۆی لە دەقئاوێزان بەدووربگرێت، بازنەی سەرچاوەكانی دەقئاوێزان فراواندەبێت، تاوەكو هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە كە چاوی داهێنەر یان شاعیری دەچێتە سەر، یان پێشبینی و ئەزمونەكانی پێیدەگات هەر لە سەرەتای یەكەم ئەزموونیەوە و بە تێپەڕ بوونی كات زۆربەی ئەو شتانە لە بیرەوەریدا كۆبوونەتەوە و جێگیر بووە، ئەمەش بەرفراوانیو دەوڵەمەندی دەقئاوێزانمان بۆ دەردەخات، كە سنورێكی دیاریكراوی نییەو سنور تێدەپەڕێنێت و سەرچاوە ڕۆشنبیرەكانی لە بازنەیەكی داخراودا ناسوڕێتەوە، بەڵكو ئەو بازنەیە فراواندەكات تاوەكو سود لە هەموو سەرچاوە ناوخۆیی و دەرەكیەكان وەربگرێت و پابەند نەبێت بە شوێن و كات و ئایدیاو ئاین و نەتەوەوە، بەڵكو شاعیر پەنا بۆ هەر شتێك دەبات ئەگەر بێت و خزمەت بە دەق و گەیاندنی بیرو داهێنانی بكات .

دەقئاوێزان بەجێگیری نامێنێتەوە، بەڵكو بەپێی شیكردنەوەكان و گەشەكردنی ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر و دەق گۆڕانی بەسەردا دێت، بە شێوەیەك هەر خوێندنەوەیەكی تر واتاو شیكردنەوەی تر دەبەخشێت و دەق دەوڵەمەند دەكات لە ڕێگەی ئەو خوێندنەوە جیاوازانەی هەر جارێك بۆی دەكرێت .

## یاساو میكانیزمەكانی دەقئاوێزان

### أ- یاساكانی دەقئاوێزان

"یاسای دەقئاوێزان بێكۆتاییەو دەگەڕێتەوە بۆ كۆمەڵێك واتای زۆر كە ڕاستەو خۆ ئاماژە ناكات بۆ سەرچاوەی بنەڕەتی، بەڵكو دەبێتە هۆی دروستكردنی گومان لە زۆری سەرچاوەكانی دەق و بنەماكانی و پێكهاتە سەرەكیەكانی"[1]، ئەمەش بەواتای ئەوەی سەرچاوە بنەڕەتیەكان لە سەرچاوەیەك زیاترە كە ناتوانین بیگێڕینەوە بۆ ڕەسەنەكەی.

دەقئاوێزان بەسەر سێ یاسادا دابەشدەبێت:

**١- یاسای دووبارەكردنەوە:**

" بریتییە لە دووبارەكردنەوەی دەقی نائامادە بەبێ گۆڕانكاری و دیالۆگكردن، لەگەڵ هەندێك گۆڕانكاری كەم، بێئەوەی بەریەككەوتن بكات لەگەڵ كرۆكی بابەتەكەدا، لەبەر پیرۆز سەیركردنی و ڕێزگرتنی هەندێك لە دەق و سەرچاوەكان وەك ئاینی و ئەفسانەیی"[2] كە دەقە نوێكە وەك دەقێكی دووبارەی لێدێت و دەبێتە پاشكۆ و دیلی دەقەكانی پێشوو، خوێنەر هەست بە گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ ناكات و ڕاستەوخۆ دەقە نائامادەكە بەدیدەكات، یاخود"شێوەیەكە لە شێوەكانی كشاندن لە دەقئاوێزاندا، كە جیاوازی لەسەر ئاستی دەنگ و وشە و داڕشتندایە و ئاشكرا دەبێت لە كەڵەكە

---

[1] – احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص٢٦.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣.

بوون یان جیاوازی دا"[1]، له دووبارەکردنەوەدا"دەقی نائامادە نمونەیەکی وەستاوە، و سودی لێنابینرێت تەنها لە هەندێك ڕووخساری شێوەی دەرەوەدا نەبێت"[2].

### ٢- یاسای هەڵمژین:

"هەڵمژین قۆناغێکی باڵاترە لە خوێندنەوەی دەقی نائامادەدا، و ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا لە بڕیاردان بە گرنگی دەق و پیرۆزییەوە سەرچاوەدەگرێت و بەشێوەیەکی جوڵەیی و گواستنەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەقە رەسەنەکە رەتناکاتەوە و بەشداردەبێت لە بەردەوامیپێدانی بە شێوەکی کرۆکی کە شیاوی تازەکردنەوە بێت"[3] یاخود "شاعیر ناوەرۆکی دەقێکی رابردوو یان پوختەکەی یان بیرەکەی وەردەگرێت و دوبارە ئەو پوختە و ناوەرۆك و بیرە دادەڕێژێتەوە، دوای هەڵمژینی، بەبێ ئەوەی لە دەقە نوێکەدا ئامادەبونێکی واژەیی و ئاشکرا هەبێت، یان بیرخستنەوەیەکی راستگۆی دەقەکەی ڕابردوو"[4]، لێرەدا داهێنەر بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی هەیەتی پەنا دەباتە بەر دەقی نائامادە و جارێکی تر دەیهێنێتەوە یاد و لەدەقەکەیدا بەکاریدەبات و ئەرکی پێدەبەخشێت، بەشێوەیەك لە خزمەتی دەقەکە و بیرەکەیدا بێت.

### ٣- یاسای دیالۆگ:

"دیالۆگ بەرزترین قۆناغی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، بواری پیرۆزکردنی هەموو دەقە نائامادەکانی تیا نییە، شاعیر یان نوسەر تەنها لە دەقەکە رانامێنێت بەڵکو بنەما پیرۆزیەکەی یان لاهوتییەکەی دەگۆڕێت، و بەشێوەی دیالۆگ گۆڕانکاری لەدەقی نائامادەدا دەکات و هەڵی دەگێڕێتەوە و بەمەبەست دەیگۆڕێت، لە پێناوی شکاندنی چەقبەستوویی و بیرچونەوەی نرخ بۆدانانە ئاینی و نەریتی و کۆمەڵایەتیەکان لە پێناوی داهێنان و کرانەوە بەڕووی فەزای دەقێکی نوێدا)[5]، "ئەم جۆرەیان باڵاترین و باشترین ئاستەکانی مامەڵەکردنە لەگەڵ دەقی نائامادەدا"[6].

---

[1] – حصة البادي ، التناص في شعر العربي الحديث – البرغوثي نموذجاً ، دار الكنوز المعرفة ، ط ١ ،٢٠٠٩، ص ١٩٢.

[2] – محمد بنيس، الشعر العربي الحديث،بنياته وابدالاته–الشعر المعاصر، دار توبقال، المغرب،ط٣، ٢٠٠٣.، ص ١٧٩.

[3] – احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، ص٤٧–٤٨.

[4] – د.احمد طعمة حلبى، التناص بين النظرية والتطبيق، شعر البياتى نموزجا، دمشق، الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠٠٧، ص ١٩١ .

[5] – احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، ص٥٦.

[6] – محمد بنيس، الشعر العربي الحديث،بنياته وابدالاته، ص ١٧٩ .

**ب- میکانیزمەکانی دەقئاوێزان:**

**١- پاراگرام:** "بریتییە لەوەی دەلالەتێك یان ڕووداێکی بچوك لەڕێگەی گێڕانەوە و وەسف و دیالۆگەوە گەشە پێدەدات"[١]، یان بریتییە لە دێڕی مەبەست، یاخود دەست نیشانکردنی کتلە سەرەکیەکە یان ناونیشانەکان، کە شێوەکە لە دێڕێکدا چڕ بووەتەوە، کە ئەمە دەست نیشانکردنی بابەتە سەرەکییەکەیە یان کتلەکەیە یان مەبەستەکەیە یان ستراتیژیەتی دەقەکەیە .

**٢- تیهەڵکێش:** بریتییە لەوەی "شاعیر هەندێك وشە یان نیوە دێڕ یان دێڕی بەناوبانگی شاعیرێکی تر بێنێت و تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی بکات"[٢]، مەبەستمان تەنها کێش نییە، یان بەیتی شاعیرێك، ئاماژەیەك، پەندی پێشینان، ئایەت، فەرموودە، ...هتد، بەڵکو مەبەست تێکەڵبونی ئایدۆلۆژیشە، بۆنمونە هەندێکجار لای شاعیرێك بیروباوەڕی مارکسیەت و نەتەوایەتی بەدیدەکرێت.

**٣- وەرگرتن:** "وا لێی دەڕوانرێت کە شێوەیەك بێت لەشێوەکانی دەقئاوێزان، و سروش لە کەلەپورەوە هەڵدەمژێ و لەگەڵیدا کارلێك دەکات"[٣]، یان "هەموو وشەیەك لەدەقی ئەدەبیدا پێشینەی لەدەقی تردا هەیە، کە مێژووی کۆنی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە"[٤]، یاخود بریتییە لە ڕۆشنبیرێتی دەق، واتە هاوردەکردنی دەق بە شێوەیەکی هەستیاری یان نا هەستیاری وەك کارێکی سیاقی بۆ ناو دەقەکە، بۆ نمونە مرۆڤ جاری وا هەیە خۆی لەخۆی وەردەگرێت یان لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێت.

**٤- ئەنەگرام (فراوانکردنی دەق):** واتە گەورەکردنی دەق، یان بریتییە لەوەی شاعیر وێنەیەك وەردەگرێت، ئەو وێنەیە لەنێو دەقەکەی خۆیدا فراوان دەکات، یان شاعیر" یاری بە دەنگ دەکات، بەوەی جارێکیتر دەنگەکان ڕێکدەخاتەوە"[٥]، یاخود "کار لەسەر دووبارە هەڵگێڕانەوەی وشە هەڵبژێراوەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەکات، بۆی واتایەك بەرهەمبێنێت"[٦]، واتە وەرگرتن و سوود وەرگرتن لە وێنەیەك، بەڵام دواتر شاعیر هێزی گەورەکردنی هەیە بۆ پانتاییەکی فراوانتر، دەشێ لە هەمان بۆچوونی پێشوودا بسوڕێتەوە هەروەها دەشێ بۆچوونەکەی پێشوو تێپەڕ بکات.

**٥- چەقبەستن (التمرکز):** بریتییە لە وەی شاعیر بە چەقبەستنە سەر وێنەیەك یان دیاردەیەك یان ناوێك،...تاد، بیرەکەی خۆی دەگەیەنێت، کە جاریواهەیە شاعیر لە دەقێکدا کرۆکی شیعرەکەی لە

---

[١] – احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص٧٦.

[٢] – د.علی سلوم، بلاغة العرب، دار المواسم للطباعة والنشر، بیروت–لبنان، ط٢، ٢٠٠٤، ص٢٥٢.

[٣] – عبدالله العزامي، الخطیئة والتکفیر ( من البنیویة الی التشریحیة ) کتاب النادي الثقافي ، جدة السعودیة، ط١، ١٩٨٥، ص٥٥.

[٤] – ترکی المغیض، التناص فی معارضات البارودي، مجلة ابحاث الیرموك، سلسلة الآداب واللغویات، مجلد٩، عدد ٢، سنة ١٩٩١، ص١١٧.

[٥] – محمد مفتاح، في سیمیاء شعرنا القدیم، دراسة نظریة وتطبیقیة، دار الثقافة–الدار البیضاء، ط٢، ١٩٨٢، ص ٣٥.

[٦] – احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، ص٧٢.

چەند شوێنێکی جیاوازدا باس دەکات، یاخود لە ناونیشانی شیعرەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر وەك ستراتیژێك پەیڕەوی دەکات[1].

**٦- ئاماژە:** بریتییە لە"ئاماژەدان بە روداوێك، ناوێك، چیرۆکێکی بەناوبانگ"[2]، بێئەوەی شاعیر لە دەقەکەیدا درێژەی پێبدات، یان شاعیر بە شێوەی ئاماژە(Hint) زۆر شتمان بۆ باس دەکات یان دەگێڕێتەوە، لێرەدا شاعیر ئاماژەیەك دەدات کە لە بیرەوەریەکانی ئێمەدا پارێزراوە، واتە چیرۆکەکەی لای هەمووانە، ئەم چیرۆکەش پێویستە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ دۆخی شاعیردا و هەروا بە هەرەمەکی نەیەت .

**٧- راڤەکردن:** "راڤەکردن بنەمای هەموو گوتارێکە بەتایبەتی شیعر، شاعیر پەنا بۆ زۆرشت دەبات کە هەمووی بەشێوەیەکی گشتی سەر بەم چەمکەن"[3]، یاخود بریتییە لەوەی کە شاعیر هەندێ جار وا پێویست دەکات بە وێنە دۆخەکە راڤە بکات، بۆنمونە جاری وا هەیە شاعیر بەوێنە راڤەی جوانی خۆشەویستەکەی یان بزەی ئازیزەکەی دەکات.

**٨- هاوسێیەتی:** "پێکهاتەی هاوسێیەتی بەهۆی میکانیزمی وێنەی شیعرییەوە لەسەر بنەمای ئاستی بەشەکان و گشتی دەقەکە جێبەجێ دەبێت"[4]، وەك دراوسێیەتی نێوان بەیتەکان یان وێنەکان، یان بڕگەکان یان دەربڕینەکان واتە جۆری پەیوەندییەکان پێویستە دژایەتی نەبێت یان پێویستە یەکتربڕ نەبن، واتە شتێك هەبێت هەمویان ببەستێتەوە. یان بۆ نموونە لە لای (ئەنوەر قادر) هاوسێیەتی لە نێوان شاعیر و شیرین و فەرهادا چی یە؟! کەواتە یان پەیوەندییەکە لە جۆری دبلۆماسییە، یان پرۆتۆکولییە، یان فەرهەنگی، یان خەیاڵی، یان کارنامەیی، ئایدۆلۆژیایی، یان کاریگەریی، یان نەتەوایەتییە، ئەی بۆچی شاعیر نەچووە بەلای عنتر و عبلە، یان رومیۆ و جولێت کە شاعیر بە دڵنیاییەوە ئاگاداری هەمووشیانە، بەڵام بە شێوەیەکی نائاگایی هەستە نەتەوایەتیەکە پاڵنەری شاعیر بووە کە شیرین و فەرهاد بەکار بهێنێ، بۆی بڵێت ئێمەش ئەفسانەی خۆشەویستیمان هەیە وەك ئەوان، هەرچەندە لە ئەدەبە رۆژهەڵاتیەکانی تریشدا شیرین و فەرهاد هەیە.

**- دەقئاوێزانی خودی:**

بریتییە لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەقی رابردوو لە سنوورێکی ئازاددا[5]، و هەڵمژینی دەقە خودیەکانی نوسەر خۆی[6]، یاخود ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە کە شاعیر لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی شیعر نوسینی خۆیدا وشە و دەستەواژە و وێنە و گوزارشتەکانی خۆی دووبارە بەکاردەهێنێتەوە،

---

[1] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: پ.د زاهیر لەتیف، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١/٧/١٢.

[2] - الكتابة والتناسخ، ت: عبدالسلام بن عبد العالي، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ط١، ١٩٨٥، ص٢٥.

[3] - د.محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى (استراتيجية التناص)، ص١٢٦.

[4] - احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، ص٨٨.

[5] - محمد عزام، النص الغائب، ص٣٢.

[6] - د.محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى (استراتيجية التناص)، ص١٢٥.

ئەم دووبارە بونەوەیەش بووەتە بەش و سیمایەك لە شیعرەكانی شاعیردا، بەواتایەكی تر (ئەنوەر قادر) لە دیوانەكەیدا لە زۆر شوێندا دەقئاوێزانی لەگەڵ شیعرەكانی خۆیدا كردووە و دووبارە وشە و بڕگە و رستەی شیعرەكانی خۆی بەكارهێناوەتەوە و بەشێوەیەكی تر بەكاریبردۆتەوە، بەمەش دەقئاوێزانی خودی بەرهەمهێناوە لە رێگەی یەكێك لە یاساكانی دەقئاوێزان كە بریتین لە یاسای (دووبارەكردنەوە، هەڵمژین، دیالۆگ)، لە راستیدا دەقئاوێزانی خودی لای شاعیر لە دەقە جیاوازەكانیدا بەدیدەكرێت كە زۆرجار زەمەنێكی زۆر لە نێوان دەقەكاندا هەیەو، شاعیر پەیوەست نەبووە بە قۆناغ و شێوازێكی شیعری خۆیەوە.

بۆ نمونە (ئەنوەر قادر) لە ساڵی ١٩٧٣دا لە دەقێكیدا دەڵێت، (ئەی هەژارینە ئێوە ئەو بایەن كێو لەبن دێنن)، شەرت نییە جارێكی تر بڵێتەوە هەژارینە ئێوە ئەو بایەن كێو لەبن دێنن، و ئەو ئەركە بخاتە پاڵ هەژارەكان، بەڵام جارێكی تر لەپاش ماوەیەكی زەمەنی زۆر، هەمان دەربڕین بەكار دەهێنێتەوە لە دەقێكی تریداو لەساڵی ١٩٨٣دا، دەڵێت:( غەریبی كێو لەبن دێنێت)، ئەم وێنەیەی جارێكیتر بەكارهێناوەتەوە و بەڵام ئەركێكی تری پێبەخشیوە و ئەركەكەی بەغوربەت سپاردووە، وێنەكە لە لای خەزن بووە و پێشتر حسابی بۆ كردووە و جارێكیتر هاتۆتەوە لای بە مەبەستی بەكاربردن و زەمەنەكەی خۆی تێپەڕاندووە. هەروەك لەم وێنەیەدا بەدیدەكرێت:




بانگمان لێ ئەكا:
ئەی هەژارینە ئێوە ئەو بایەن كێو لەبن دێنن ........زریان و زایەڵە و زنار ل ٣١.
ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:
غەریبی كێو لەبن دێنێت،
هەر لە لووتكەكانی كورد دا،
من مەشقەڵانی ئاگرم، ........زریان و زایەڵە و زنار ل ١١٠.
هەروەها دەقئاوێزانە لەگەڵ:
غەریبی كێو لەبن دێنیٚ،
هاوڕێكانم زۆربەی زۆریان

دڵیان تۆقی لە حەژمەتان ........زریان و زایەڵە و زنار ل ١١٣.

ئەم سێ دەقەی شاعیر کەهەریەکەیان لە کاتێکی جیاوازدا نوسراوە، لە هەرسێکیاندا هەمان دەستەواژە دووبارە بووەتەوە بە بێئەوەی گۆڕانێکی ئەوتۆی تیا رووبدات، بەم شێوەیە ئەم دەقانە کە دەقئاوێزانی یەکتری بوون دەچنە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، بەهۆی وەرگرتن و دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی (کێو لەبن دێنێ) لە دەقئاوێزانی خودیدا.

یان:

وەکو پزیسکی ناو ئاسمان

باوەش ئەکەم بە ئەستێرەی کوژاوەدا ........زریان و زایەڵە و زنار ل ٨.

ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:

وەکو ئاسمان بی پزیسکی شکۆی خووایی،

وەکو چاوی بێ بینایی،

دوای تۆ باوکە،

لەناو دڵما ڕۆشناییەك بەدی ناکەم! ........زریان و زایەڵە و زنار ل ١٣٠.

لە دەقی یەکەمدا کەلە ساڵی ١٩٧٢دا نوسراوە، شاعیر وەکو پزیسکی ناو ئاسمان باوەش بە ئەستێرەی کوژاوەدا ئەکات و بەهیواوە ئەڕوانێت و دەیەوێت جوانی بگێڕێتەوە، بەڵام لە دەقی دووەمیاندا کەلە ساڵی ١٩٨٦دا نوسراوە، شاعیر جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لای هەمان وێنەی خۆی کە پێش چەند ساڵێك بەکاریهێناوە و لەلای کەڵەکە بووە و جارێکیتر بەکاریهێناوەتەوە، کە لە دوای کۆچی باوکی وەکو ئاسمانی بێ پزیسك و چاوی بێ بینایی لێهاتووە و ڕەشبینە و نائومێدی رویتێکردووە، لێرەدا پزیسکی ئاسمان بە دوو واتای دەلالی جیاواز بەکارهاتووە و پێچەوانەی یەکترن، ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، بەمیکانیزمی پاراگرام کاریکردووە لە دەستنیشانکردنی مەبەستە سەرەکیەکەیدا کە لەدوای کۆچی باوکی پزیسکی ئەمیش کوژاوەتەوە.

یان:

"سیروان" کۆچی بێ سرەوتی ئەکا و ئەڕوا

گەڵای وەریو، تەرمی مردوو، سروەی چیا

بۆ بیابان، بەرەو گوم بوون، بەرەو نەمان

ئەبا و ئەڕوا..

دڵی سەوزی بە بای پەستی ئاوارەیی و ئاگر ئەشوا ........زریان و زایەڵە و زنار ل ١١ .

لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

شەختەی کەوتووی دەشتی گۆنام بە گڕ بسرە

بە ڕووبار خۆت لە دوورگەی گیانی بئاڵێنە ........زریان و زایەڵە و زنار ل ٦٨.

شاعیر لە دەقی یەکەمدا بە ئاگر دڵی سەوزی دەشوا، لە دەقی دووەمیاندا داواکارە دەشتی گۆنای

بەگڕ بسڕێ، ئەمەش حەسرەت و نائارامی دەرونی شاعیر بەدەر دەخات کە لە ناخەوە دەسوتێت، تەنانەت ئەگەر بە گڕ دڵ و گۆناشی بسڕێت ئاساییە، لەم دوو دەقەدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووی نەداوە، ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، بە میکانیزمی هاوسێیەتی، ناوی (گڕ)، کە جۆرێك لە نزیکبونەوەی هەیە لەگەڵ (ئاگر)دا.

یان دەڵێت:

بەڵام باوکە، کە زانیم شەو،
دارستانێکی هەورینی نەبڕاوەیە و
بەسەر دەشتی ئەم ڕۆژگارە زامارەدا ڕاکشاوە،
گڕم بەردا لە چناری سپی باڵام ..      .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٧٩.

لە دەقێکی تردا دەڵێت:

شەو شەو نەبوو
گوڵ ڕوومەتی خۆی دەڕنی
درەخت گڕی بەردەدا لە باڵای      .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٦٩.

لەم دوو دەقەدا گڕبەربوون دووبارە بووەتەوە و هەرجارە وێنەیەکی نوێی بە دەقەکە بەخشیوە و واتایەکی دەلالی و گوزارشتی جیاوازی هەیە و دەقئاوێزانی پێکهێناوە و دەچێتە ژێر یاسای دیالۆگەوە و لەگەڵ ئەویتردا قسە دەکات، و بە میکانیزمی وەرگرتن، بە کرداری (گڕبەردان) دەقئاوێزانی راگەیاندووە.

یان دەڵێت:

بۆ مات نەبم؟!
ماڵی ئاوای دڵدارانی ئەم وڵاتە هەر ئاوایە
شادیش نەبێ بە خەم هەموو دەم ئاوایە      .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٢٠-٢١.

ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:

شاباڵی سزا ئەبێتە چەتری سەرم،
خەم هاوڕێمە      .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٣٤.

شاعیر لەم دوو دەقەی سەرەوەدا روی لە خەمە و لە دەقی یەکەمدا باسی دڵدارانی ئەم وڵاتە دەکات کە هەمیشە ماڵیان بە خەم ئاوەدانە، بەڵام لە دەقی دووەمدا خەم هاوڕێیەتی، لە هەردوو دەقەکەدا ناوی (خەم) ئەڵقەی پەیوەندییە و دەقئاوێزانی پێکهێناوە و دەچێتە ژێر یاسای هەڵمژینەوە، بە میکانیزمی راڤەکردن.

یان دەڵێت:

من ئەڕۆم و خەمی خۆم ئەکەمە گوڵ بۆ کچێ
کۆچی کرد و هەر نەشی وت، ماڵت ئاوا...      .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٣٣.

ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:

هۆنراوە و چەپکی خەمم،

ئەکەمە گوڵ بۆ کچێ...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٣٤.

لەم دوو دەقەدا هەمان شت دووبارە بۆتەوە، ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، بە میکانیزمی وەرگرتن، بەڵام بە گۆڕانکارییەوە (خەمی خۆم) بووە بە (چەپکی خەمم).

یان دەڵێت:

درەختی ڕەگ لەناو باخدا داکوتاوم

چڵەکانم شەختە و زوقمن

لە لانەی هوزاری خەم و تەما نوقمن                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٦.

ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:

کانیاوی ڕوون لچ لە مەلە زامارەکان ئەقورچێنێ

پەپوو لەناو لانەی هوزارا ئەخوێنێ                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٧.

هوزار باڵندەیەکی بچوکە رەمزی دەنگ خۆشییە، لە دەقی یەکەمدا لانەی هوزار شوێنی خەمە، لە دەقی دووەمیشیاندا کوندەپەپو لەناو لانەی هوزارا دەخوێنێ، کە بە هەمان شێوە لانەی هوزار لێرەشدا وێرانەیە و شوێنی خەمە، چونکە کونەپەپو حەز بە کەلاوە و شوێنی وێرانە دەکات و بووە بە رەمزی خەفەت و ماڵوێرانی، بەم شێوەیە هەردوو دەقەکە لە رووی واتاوە لەیەکدەچن و یەك رەهەندی دەلالییان هەیە، ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، بە میکانیزمی وەرگرتن دەقئاوێزان پێکدەهێنێت.

یان دەڵێت:

مەلی وشە کۆترێکە هەر ئەگمێنێ

لە کەناری دووری ناخا                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٢٣.

ئەم دەقە دەقئاوێزانە لەگەڵ:

گمەی گەرمی مەلی وشە پەل ئەهاوێ

بەرەو دەریا، بەرەو ئەڵقەی یادی دوێنێ                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٢٤.

ئەم دوو دەقە لە رووی واتاوە لەیەك دەچن و هەمان دەربڕین دووبارە بووەتەوە، ئەم دەقئاوێزانە دەچێتە ژێر یاسای دوبارەکردنەوەوە، لە ڕێگای وەرگرتنی وشەی (ئەگمێنێ)، بەڵام بە گۆڕانکارییەوە بەشێکی بەکارهێناوە و کرتاندویەتی و لە دەقی دووەمدا بووە بە(گمەی گەرم)، واتە بەزیادکردن و کەمکردنەوە شیعریەتی دەقەکەی بەرەو ئاستێکی باڵا بردووە.

یان لەم سێ دەقەی خوارەوەدا دەڵێت:

من مەشقەڵانی ئاگرم،

شەوانی تاریکی زستان،

دەکەمە شەوقی چراخان                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١١٠.

یان:

لە شەوانی شەستە بارانی گوناهدا،

مەشقەڵانی ئاگرێکی دوور دوور دیارە،
ئەوە عەشقی نا ئومێد و پاکی منە،
کە گۆرانی دڵداران و خەڵکی شارە...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٢٨.

یان:

دەبێ تێر تێر بادەی ترێی ڕەشی
چاوەکانت بە گیان نۆش کا...
بەرامەی نێرگزی هەناسەکانت هەڵمژێ و
بتخاتە سەر عەرشی دڵی و
بەر مەشقەڵانی ئاگر و
سای سێبەری شین و کڕی سۆزی خودا...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٦٦.

لە هەرسێ دەقەکەی شاعیردا هەمان دەربڕین دووبارە بووەتەوە، بەڵام هەرجارە و ئەرکێکی نوێی پێبەخشراوە کە لە یەکەمیاندا شاعیر خۆی بووەتە مەشقەڵانی ئاگر و شەوی تاریکی زستان دەکاتە چراخان و رووناکی دەکاتەوە، لە دەقی دووەمیاندا لە شەوانی زستان و شەستە باراندا لە دوورەوە مەشقەڵانی ئاگرێك دیارە کە وەك عەشقی پاك و نائومێدی شاعیر و گۆرانی دڵداران و خەڵکی شارە، لە دەقی سێیەمدا مەبەستی لە جگەرگۆشەکەیەتی کە بیخاتە سەر عەرشی دڵی و بەر مەشقەڵانی ئاگر و سای سێبەری سۆزی خودا، مەشقەڵانی ئاگر جگە لە دووبارەبوونەوەی لە هەرسێ دەقەکەدا، ناونیشانی شیعرێکیشێتی و لەم دەقانەدا بووەتە بوارێکی دەلالی بۆ واتایەکی تر کە لە هەریەکێکیاندا بوارێکی واتایی تایبەتی هەیە، بۆیە ئەم دەقە دەقئاوێزانبووانە دەچنە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە بەمیکانیزمی (وەرگرتن)ی راستەوخۆی دەستەواژەی (مەشقەڵانی ئاگر) بەبێ دەستکاری، فرێزەکە گواستراوەتەوە بۆ دەقی دووەم و سێیەم.

یان دەڵێت:

تۆ چراوگی غەریبیمی،
لەناو دڵما هەر دەسووتێی                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٨٦.
لە دەقێکی تردا دەڵێت:
یادت چراوگی شەوە زەنگێکە،
ئاگری دووری شەوانی کەژە...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٨٧.

هەروەها دەڵێت:

چراوگی دڵ،
شەوە زەنگ بینی گرتووە...
نە دۆستێ دێ، بەم ناوەدا ڕاببوڕێ و
چۆڵە چراوێ هەڵبکا...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٩١.

لەم دەقانەی سەرەوەدا وشەی (چراوگ) دووبارە بووەتەوە و هەرجارەی رۆڵێکی نوێی پێبەخشراوە، جگە لەوەی (چراوگ) ناونیشانی دوو شیعری شاعیرە کە یەکێکیان لە لاپەڕە (٩٦)ی

دیوانەکەیدایە و دووەمیان لە لاپەڕە(١١٥)دایە، ئەمەش کاریگەری ڕەنگدانەوەی لای شاعیر دەردەخات، کە لەهەریەکێکیاندا بووەتە بوارێکی دەلالی بۆ واتایەکی تر کە جێکەوت(اثر) پشتی پێدەبەستێت، بەم شێوەیە چراوگ دەقئاوێزانی لە نێوان ئەم دەقانەدا دروستکردووە و دەکەوێتە ژێر یاسای (دیالۆگ)ەوە، بە میکانیزمی وەرگرتن، لەڕێگەی وەرگرتنی دەستەواژەی (چراوگ)، کە بەشێکە لە دواندنی ئەویتر لەلایەك لەلایەکی تریش دواندنی خودییە لەدەقی دووەمدا، بەشێکە لەشیعریەت لەناو پرۆسەی دەقئاوێزاندا.

یان دەڵێت:

ئەو شەوانەی لە کالانەی هەیوانەوە،

شەوقی لۆکس دڕنی دەدا بە تریفە و

پەلی دەکوتا بڕوا بۆ دوور، .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٩٠.

هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێت:

کە کەوتینە کۆشی دایك

وای دەزانی ئەو ئاسمانە دڕنی داوە و

فریشتەی ئێمەی هێناوە .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٨٧.

لە هەردوو دەقەکەی سەرەوەدا وشەی (دڕن) هاتووە، لە یەکەمیاندا دڕنی بە تریفە داوە، لە دەقی دووەمیاندا ئاسمان دڕنی داوە، لە هەردوو دەقەکەدا دڕن بەواتای خۆی هاتووە و دووبارە بۆتەوە و دەقئاوێزانی لە نێوان ئەم دوو دەقەدا درووستکردووە و دەکەوێتە ژێر یاسای (دووبارەکردنەوە)وە و بە میکانیزمی (وەرگرتن) کاریکردووە، ئەویش لەڕێگەی کرداری لێکدراوی (دڕدان)، کە لەدەقی یەکەم و دووەمدا و لەڕوی ریزمانییەوە لەشوێنی خۆیدا بەبێ دەستکاری بەکارهاتووە، لە پرۆسەی دەقئاوێزاندا.

یان دەڵێت:

هەموو دەم گوێم هەڵدەخەم،

تاگوێم لە شەکرە وتەی

"من بەساقەی تۆ بم" ی

ئەو کچە چاو ڕەشەبێ، .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٩٢.

بەهەمان شێوە لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

ئەگەر کچێکی چاو ڕەشی سلێمانی

جارێ بەساقەتان دەبوو، .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٩٤.

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا هەمان دێڕ و دەستەواژە دووبارە بۆتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی واتایی درووست بکات، ئەوەندە نەبێت کە گۆڕانێکی کەم لە داڕشتن و جێگۆڕکێی وشەکاندا کراوە، بەم شێوەیە ئەم دەقئاوێزانە دەکەوێتە ژێر یاسای دووووبارەکردنەوەوە، بەمیکانیزمی (وەرگرتن) ئەویتر دەدوێنێ بەدەستەواژەی (من بەساقەی تۆبم)، کە لەشێوەی ڕستەیەکی ئاسایی ڕێزمانیدایە

و قسەکەر لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا دەدوێ، بەڵام لەدەقی دووەمدا قسەکەر لەگەڵ ئەویتردایە و دەستەواژەکەی هەڵگێڕاوەتەوە بەزیادکردنی (جارێ بەساقەتان دەبوو)، زیاتر شیعریەتی بەخشیوەتە دەقئاوێزان، ئەویش لەڕێگەی جێگۆڕکێی (جارێ) کە هاتۆتە پێشەوە و شوێنەکەی گۆڕیوە، لەگەڵ مانەوەی (بەساقە) کە ئاوەڵناوە لە ناوەڕاستی فرێزەکەدا.

یان دەڵێت:

گۆرانی ئەو کچانەی بە کۆڵی گیا و گژەوە،

کەژیان بەجێ دەهێشت و بەرەو دێ دەبوونەوە،

نم..نم بارانی دەنگیان،

دڵی ئێمەی کوڕگەلی ماتی دێی دەشۆردەوە... .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٩٢.

هەروەها لە دەقێکی تردا دەڵێت:

منێکی چارەنووس وێڵی، لە کۆڕی یاران دابڕاو،

لەم دوورەوە، چیم لە دەس دێ، ئەی کچی ژیر!

نە دەست دەگاتە دامەنت،

نە نمەی بارانی چپە، دا دەکاتە دنیای زویر بووی بیستنت، ...زریان و زایەڵە و زنار ل ١١٢.

لەم دوو دەقەی سەرەوەی شاعیردا کە هەریەکەیان لە کاتێکی جیاوازدا نوسراون، لە یەکەمیاندا (نم..نم بارانی دەنگ) و لە دووەمیاندا (نمەی بارانی چپە) دەقئاوێزانیان پێکهێناوە، کە هەردوو دەستەواژەکە یەك واتای هەیە، بەڵام لەم دەقانەدا بوونەتە بوارێکی دەلالی بۆ واتایەکی تر، کە بە مەبەستێکی جیاواز هاتووە و بەڕووی دەقێکی نوێدا کراوەتەوە و دەقئاوێزانیان دروستکردووە و دەکەوێتە ژێر یاسای دیالۆگەوە بە میکانیزمی وەرگرتن لە دەقئاوێزانی خودیدا، بەوەرگرتنی دەستەواژەی (نم نم بارانی دەنگ) کە دەنگدانەوەیەکی سروشتییە، بەڵام بەگۆڕینی (دەنگ) بۆ (چپە) لەدەقی دووەمدا بەهۆی حاڵەتی دەروونی نێوان (من و ئەویتر) نزیکبوونەوەی دیالۆگ و دواندنیان لەگەڵ یەکتری شیعریەتی بەخشیوەتە دەقئاوێزان.

یان دەڵێت:

زریانی بێ ئامانی خەم،

بەرەو ژێری لوولم دەدا

مێلۆی تاسە و خۆزگەکانمی لێ هەڵدەخا.. .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٢٩.

هەروەها دەڵێت:

ئاسمان دەبێتە مێلۆی مافوور شین،

گوریس سپی، .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٧٤.

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا (مێلۆ) کە ئەو جۆلانەیەیە لە بەڕە یان جاجم دروستدەکرێت و لە نێوان دوو داردا بۆ منداڵ هەڵدەخرێ، لە هەردوو دەقەکەدا دووبارە بووەتەوە، بەڵام لە هەر دەقێکیاندا بە واتایەکی جیاواز هاتووە، لە یەکەمیاندا زریانی خەم مێلۆی تاسە و خۆزگەکانی لێهەڵدەخا و

دەیهێنێ و دەیبا، لە دەقی دووەمیاندا ئاسمان بۆی دەبێت بەمێلۆ و تا ئەبەد بە ئارامی رایدەژەنێت، لە هەردوو دەقەکەدا بە هەمان واتا هاتووە و دەقئاوێزانی درووستکردووە و دەچێتە ژێر یاسای هەڵمژینەوە، بەمیکانیزمی وەرگرتن ئەویش لەڕێگەی (وەرگرتن)ی ناوی (مێلۆ) لە دەقئاوێزانی خودیدا.

یان دەڵێت:

وەکو تیشکی بەیانی دوای بەفر بارین

چاوم پڕکە لە بریسکە،

دڵەکەم رۆشنکەوە! .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٥٥.

لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

جار جار لە قوڵایی شەوی یادەوە

بریسکەی چاوێ، هەردی تەمەن

نوقمی شەپۆلی رۆشنایی دەکا .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٥٦.

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا (بریسکە و چاو) هاتووە، لە یەکەمیاندا دەڵێت چاوم پڕکە لە بریسکە، لە دووەمیاندا دەڵێت بریسکەی چاوێ هەردی تەمەن نوقمی شەپۆلی رۆشنایی دەکات، لە هەر دەقێکیاندا واتایەکی دەلالی جیاوازی هەیە بۆ مەبەستێکی جیاواز، بەم شێوەیە دەقئاوێزانی دروستکردووە و دەچێتە خانەی یاسای هەڵمژینەوە، لەدەقئاوێزانی خودیدا خۆی دەدوێنێ بەهۆی (وەرگرتن)ی ئاوەڵناوی (بریسکە) جۆرێك لادان لەبنەمای ریزمانی دەبینرێ لەدەقی یەکەمدا و جوانی بەخشیوەتە دەقەکە بەهۆی جێگۆڕکێ و لادانی (ئاوەڵناو)ەکەوە، بەڵام لەدەقی دووەمدا، دیالۆگە لەگەڵ ئەویتردا، کەسێك دەدوێنێ کەنزیکایەتی کەمترە، بۆیە ئاوەڵناوەکە (بریسکە) وەك خۆی بەکارهاتووە لەگەڵ وشەی (چاوێ) چۆتە سەرەتای رستەکەوە، بەگشتی لەهەردوو حاڵەتەکەدا شیعریەت پێکهاتووە لە دەقئاوێزاندا.

یان دەڵێت:

گەر چۆلەکەی کزەی ساردی هەردی دەروون

کۆکەمەوە و بە ئاسماندا بەرەڵای کەم

هەوری قورسی کەوە رۆژە و شینایی لە ئاسمان ئەبڕێ .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٥٥.

لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

کچم دڵم رەپێڵکەیە و هەموو ساتێ،

کۆچی ماتی دایکانی پرسەرداری شار،

پێیدا دەڕوا وگوڵی هاوار،

لە شینایی هەردی دەرونیان دەچنن، .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٧٩-٨٠.

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا (هەردی دەروون) دووبارە بووەتەوە، بەڵام لە هەر یەکێیاندا بوارێکی دەلالییە بۆ واتایەکی تایبەت، لە یەکەمیاندا شاعیر باس لە هەردی دەروونی خۆی دەکات ئەگەر

بێت و بەرەڵایکات ئەوا هێندە زۆرە شینایی لە ئاسمان دەبڕێت، بەڵام لە دەقی دووەمیاندا کۆچی ماتی دایکانی شار بەنێو دڵی شاعیردا تێدەپەڕن و گوڵی هاوار لە شینایی هەردی دەرونیاندا دەچێنن..، بەم شێوەیە ئەم دەقئاوێزانە دەکەوێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، لەگەڵ ئەویتردا قسە دەکات و دەچێتە دەقئاوێزانەوە بەمیکانیزمی (وەرگرتن)، لە وەرگرتنی (هەردی دەروون) کە لەڕووی ڕێزمانییەوە لەشوێنی خۆی بەکارهاتووە، بەڵام لەدەقی دووەمدا بەهۆی بەرجەستە بوونەوە چۆتە سەرەتای دەق و جوانی بەخشیوەتە دەقەکە.

یان دەڵێت:

تۆ گەشی وەك چرای میحرابەکەی باوکم،

سپیت وەکو مزگەوتەکەی،

بۆنت هی گوڵەکانییەتی

وەك کتێبە گەنمڕەنگەکانی

بەرامەت گیان لێوانلێو دەکا...                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٥٦.

هەروەها لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

ئەی فریشتەی شمشێر بە دەستی میحرابەکەی باوکم؟

ئەی دەریای هێمنی سیمای باوکم؟                    .......زریان و زایەڵە و زنار ل١٥٧.

لەم دوو دەقەی سەرەوەی شاعیردا بەهۆی ڕەنگدانەوە و کاریگەری باوکی لەسەری، هەمیشە یادەوەریەکانی باوکی لە هزریدا ئامادەبوونی هەیە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لەم دوو دەقەشدا (میحرابەکەی باوکی) بوەتە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو دوو دەقە و پێکهێنەری دەقئاوێزانە و دەکەوێتە ژێر یاسای دووبارەکردنەوەوە، لەڕێگەی وەرگرتنی فرێزی (میحرابەکەی باوکم)، ڕاستەوخۆ فرێزەکەی وەرگرتووە و پێکهاتەیەکی دەقئاوێزانی خودی دروستکردووە.

یان دەڵێت:

کانیاوی ڕوون لچ لە مەلە زامارەکان ئەقورچێنێ..          .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٧.

لە دەقێکی تردا دەڵێت:

لە قرچەی گەرمای هاویندا دار گوێزێ بووی،

کانیاوی ڕوون بە چوار دەورتا سەمای دەکرد،          .......زریان و زایەڵە و زنار ل ٧٣.

هەروەها دەڵێت:

سەفەرەو مەرگ،

سەفەرەو ئومێد،

سەفەرەو تاریکی ئەبەدی،

سەفەرەو کانیاوی ڕوون          .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٦١.

لەم سێ دەقەی شاعیردا کە هەریەکەیان لە کاتێکی جیاوازدا نوسراون، (کانیاوی ڕوون) تیایاندا دووبارەبووەتەوە، کەلە هەریەکەیاندا بۆتە بوارێکی دەلالی بۆ واتایەکی جیاواز، ئەمەش هەڵمژینی

نێوان دەقەکانی شاعیر دەردەخات و بە هۆیەوە دەقئاوێزان لە نێوان دەقەکاندا دروست بووە و دەچێتە ژێر یاسای هەڵمژینەوە بەمیکانیزمی (وەرگرتن)ی دەستەواژەی (کانیاوی روون).
یان دەڵێت:

وەك سۆزەی شمشاڵی شوانێ،
نۆ پایزێ بەر بەیانێ...
دەڕژێتە دەشتی خامۆش و
بەڕێ دەکا لەنجەی جوانێ... .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٢٤.

لە دەقێکی تریدا دەڵێت:

کزەی نۆ پایز دەڵێی
هەناسەی دڵدارێکی
تازە لە ژووان گەڕاوەیە
فێنکییەك دەدا بە گیان .......زریان و زایەڵە و زنار ل ١٧٥.

لەم دوو دەقەی سەرەوەدا دەستەواژەی (نۆ پاین) دووبارە بۆتەوە و دەقئاوێزانی خودی پێکهێناوە، دەچێتە ژێر یاسای (دووبارەکردنەوە)وە بەمیکانیزمی (وەرگرتن).

## ئەنجام

١- دەقئاویزان بەپێی چەند یاسا و میكانیزمێك كاردەكات و پێویستە لەناو دەقدا ئەم یاسا و میكانیزمانە دیاریبكرێت، لەپێناو دیاریكردنی نرخ و بەهای دەقی دووەم.

٢- هیچ دەقێك بێ دەقئاویزان نابێت و دەقئاویزانیش بەپێی توانست و ئەزمونی نوسەر دەقی دووەمی كردووەتە رەنگاڵەیەكی وێنەیی و بیری و .....تاد.

٣- دەق لە دەقئاویزاندا تۆڕێكە لە كۆدی بێكۆتایی و ئەم بێكۆتاییەش هۆكاری راستەوخۆی هاتنەناوەوەیە بۆ نێو دەقەكانی دواتر.

٤- دەقئاویزان لە بۆشاییەوە دروستنابێت و لێوانلێوە لە دەقەكانی تر، بەو واتایەی سەربەخۆنییە لە هێنانەكایەی داهێناندا و لەهەمانكاتیشدا دابڕاو نییە لێی، واتە هیچ دەقێك دابڕاو و سەربەخۆ نییە.

٥- دەقئاویزان لە ئەدەبی كوردیشدا هەر لەسەرەتای دەقی ئەدەبییەوە هەبووە، بەڵام لەدوای ساڵانی(١٩٩٧)ەوە لە ئەدەبی كوردیدا رەنگی داوەتەوە و وەك پراكتیك و كاركردن لە كێڵگەی دەقدا كاری لەسەر كراوە.

٦- لەناو دەقەكانی (ئەنوەر قادر)دا دەقئاویزانی دەرەكی فراوان و زاڵترە لە دەقئاویزانی خودی و هاوچەرخێتی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شاعیر خاوەنی پاشخانێكی بیری و رۆشنبیری فراوانە لەبوارە جیاوازەكاندا و بەڵگەی كرانەوەی وێنای شاعیرە لەسەر ناسینی جیهان لەڕێگەی پاشخان و هەڵگیراوی شیعریی و رۆشنبیری بەشێوەیەكی گشتی.

٧- هەموو دەقە شیعریەكانی ناو دیوانی (زریان و زایەڵە و زنار)ی شاعیر بەشێوازێك لە شێوازەكان لەخۆگری دەقئاویزانن، بۆیە دەقئاویزان لای شاعیر بنەمایەكی سەرەكی پێكهاتەی شیعریی شاعیرە، هەروەها بەڵگەی كرانەوەی وێنای شاعیرە لەسەر ناسینی جیهان لەڕێگەی پاشخانی فكری و شیعریی و رۆشنبیری بەشێوەیەكی گشتی.

## پوختە

تویژینەوەی دەقئاویزان لە دەقەكانی "ئەنوەر قادر محمەد"دا، بەتایبەتی دەقئاویزانی خودی، واتە گەرانێكە بەناو دەقەكانی "زریان و زایەڵە و زنار" كە وێنای فكری و رۆشنبیری شاعیر دەردەخەن و تۆڕێكن لە كۆدی بێكۆتایی و هۆكاری راستەوخۆی بەیەكداچونی دەقەكانی تریەتی بەمانایەك وروژاندنی بیرۆكەی دەقەكەی پێشوترە بە ئاگا و بێئاگا بە شێوازێكی نوێتر، واتە بەرهەمهێنانەوەی دەقی رابردوو یان قۆناغێك لە قۆناغەكانی شاعیرە لە سنورێكی ئازاددا، بۆیە داهێنەر بۆ گەیاندنی بیرۆكەكەی پەنا دەباتە بەر دەقی ئائامادە لە پێناو بەخشینی ئەركێكی تر.

## سەرچاوەكان

**یەكەم: كتێبەكان**

**أ- كتێبە كوردیەكان:**

١- دیوانی ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەڵە و زنار، چاپی یەكەم، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢- د.دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیكردنەوەی شیعریی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٣- د.كەمال مەعروف، ئەدەبیاتی كلاسیكی و نوێخوازی كوردی، چاپی یەكەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٣.

**ب- كتێبە عەرەبیەكان:**

١- د. محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعرى(استراتيجية التناص)، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت- لبنان، ط١، ١٩٨٥.

٢- محمد مفتاح، في سيمياء شعرنا القديم، دراسة نظرية وتطبيقية، دار الثقافة-الدار البيضاء، ط٢، ١٩٨٢.

٣- اصول الخطاب النقدى الجديد، ترجمة وتقديم: احمد المدينى، دار الشئون الثقافة العامة، ط١، ١٩٨٧.

٤- عبدالله العزامي، الخطيئة والتكفير ( من البنيوية الى التشريحية )، كتاب النادي الثقافي، جدة السعودية، ط ١، ١٩٨٥ .

٥- محمد عزام، النص الغائب(تجليات التناص فى الشعر العربى)، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١.

٦-محمد عزام، شعرية خطاب السرد، من منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق، .٢٠٠٥

٧- عزالدين المناصرة، علم التناص المقارن، (نحو منهج عنكبوتى تفاعلي)، جامعة فيلادلفيا، ط١، ١٤٢٧هـ -٢٠٠٦م.

٨- افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ترجمة وتقديم د.محمد خير البقاعى، الهيئة المصرية العامة للكتاب،.١٩٨٨

٩- المبدأ الحوارى، ترجمة: فخرى صالح، دار الشؤون الثقافية العامة،العراق - بغداد، ط١، ١٩٩٢.

١٠- احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.

١١- د.حافظ المغربى، التناص و تحولات الخطاب الشعرى المعاصر، جامعة الملك سعود، ٢٠٠٩.

١٢- عبدالباسط مراشده، التناص فى الشعر العربى الحديث، دراسة تطبيقية و نظرية، اطروحة دكتورا، جامعة الاردنية، عمان، ٢٠٠٠.

١٣- د.مصطفى السعدني، التناص الشعرى (قراء اخرى لقضية السرقات)، مركز الدلتا للطباعة، ١٩٩١.

١٤- نظرية النص، (دراسات فى النص و التناصية)، ترجمة محمد خير البقاعى، مركز الانماء الحضارى، حلب، ١٩٩٨.

١٥- كاظم جهاد، ادونيس منتحلا، دراسة في الاستحواز الادبى و ارتجالية الترجمة، مكتبة متبولى، ط٢، القاهرة ١٩٩٣.

١٦- د.سلمان كاصد، عالم النص، دار الكندى للنشر والتوزيع، الاردن-اربد، .٢٠٠٣

١٧- د.صبرى حافظ، افق الخطاب النقدى (التناص و اشاريات العمل الادبى)، دار الشرقيات للنشر و التوزيع، ط١، ١٩٩٦.

١٨- د.احمد مجاهد، اشكال التناص الشعرى، الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٩٨.

١٩- د.محمد سالم سعدالله، مملكة النص، الجرجانى نموزجا، عالم الكتب الحديث، عمان- الاردن، ط١، ٢٠٠٧.

٢٠- د. سعيد السلام، التناص التراثى، عالم الكتب الحديث، اربد-الأردن، ط١، ٢٠١٠.

٢١- ابراهيم موسى، افاق الرؤيا الشعرية، دراسات فى اذاع التناص فى الشعر الفلسطينى المعاصر، وزارة الثقافة الفلسطينية، رام الله، ط١، ٢٠٠٥.

٢٢- على العلاق، الدلالة المرئية، دار الشروق، عمان، ط١، ٢٠٠٢.

٢٣- د.ابراهيم مصطفى محمد الدهون، التناص فى شعر ابي العلاء المعرى، عالم الكتب الحديث، الأردن، .٢٠١١

٢٤- عبدالنبي اصطيف، التناص، مجلة راية مؤته، جامعة مؤته، ١٩٩٣.

٢٥- حصة البادي، التناص في شعر العربي الحديث - البرغوثي نموذجاً، دار الكنوز المعرفة، ط ١،.٢٠٠٩

٢٦- محمد بنيس، الشعر العربي الحديث،بنياته وابدالاته-الشعر المعاصر، دار توبقال، المغرب،ط٣، ٢٠٠٣.

٢٧- د.احمد طعمة حلبي، التناص بين النظرية والتطبيق، شعر البياتي نموذجاً، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب وزارة الثقافة - دمشق، ٢٠٠٧ .

٢٨- د.على سلوم، بلاغة العرب، دار المواسم للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، ط٢، ٢٠٠٤.

٢٩- الكتابة والتناسخ، ت: عبدالسلام بن عبد العالي، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ط١، ١٩٨٥.

٣٠- تودوروف و آخرون، في اصول الخطاب النقدي الجديد، ت: احمد المدينى، دار الشئؤون الثقافية العامة، بغداد، ط٢، سنة ١٩٨٩.

دووەم: گۆڤارەکان

أ- کوردیەکان

١- د.ئەنوەر قادر محەمەد، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای ڕۆمی و مەولەوی تاوگۆزی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ١٨، بەشی B، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦.

ب- عەرەبیەکان

١- عبدالوهاب ترو، تفسير و تطبيق مفهوم التناص فى الخطاب النقدى المعاصر، مجلة الفكر العربى المعاصر، بيروت ١٩٨٩، العدد(٦٠-٦١).

٢- تركى المغيض، التناص فى معارضات البارودي، مجلة ابحاث اليرموك، سلسلة الآداب واللغويات،مجلد٩،عدد ٢، سنة ١٩٩١.

سێیەم: نامەکان

١- حياة معاش، التناص فى تائية ابن الخلوف، جامعة الجزائر، رسالة الماجستير فى الادب المغربى القديم، قسم اللغة العربية و ادابها،٢٠٠٤.

٢- عبدالمنعم محمد فارس سليمان، مظاهر التناص الدينى فى شعر احمد مطر، رسالة ماجستير فى اللغة العربية بكلية الدراسات العليا فى جامعة النجاح الوطنية فى نابلس، فلسطين،٢٠٠٥.

٣- احمد ناهم جهاد الموسوى، التناص في الشعر العراقي الحديث، الجامعة المستنصرية، رسالة ماجستير، ١٩٩٨.

چوارەم: سەرچاوەی ئینگلیزی

1 – Agger، Gunhild Intertextuality Revisited: Dialogues and Negotiations in Media Studies. Canadian Journal of Aesthetics، 4، 1999.

پێنجەم: سایتە ئەلیکترۆنیەکان

١- شربل داغر، التناص سبيلا الى دراسة النص الشعري وغيره،

charbeldagher.elabs.com.lb/ar/index.php?option=com...

٢- عبدالستار جبر الاسدى، ماهية التناص،

.www.fikrwanakd.aljabriabed.net/n28_09fikrassad.htm

٣- ايمان الشنينى، التناص (النشأة والمفهوم)

ofouq.com/today/modules.php?name=News&file=article&sid=1382

٤- عبد الستار جبر الاسدى،ماهية التناص،

www.fikrwanakd.aljabriabed.net/n28_09fikrassad.htm

٥- www.awu-dam.org/book/01/study01/52-m-a/book01-sd002.htm

شەشەم: چاوپێکەوتن

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: پ.د زاهیر لەتیف، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١١/٧/١٢.

**ملخص البحث**

يعالج هذا البحث ومن منظور التناص الذاتي نصوص شعرية للشاعر (انور قادر محمد) المنشورة في دواينه الثلاث: (العاصفة، الصدى، الصخر). ترتكز هذه الدراسة على البحث و الأسقراء في ثنايا قصائده لأقتفاء أثار بصمات نتاجاته السابقة، التي استخدمها الشاعر بشكل واع أو غير واع، ليس كتكرار للقديم، بل كتوضيف فني جديد.

تشكل هذه الشبكة من العلامات المترابطة بين القديم و الجديد في شعره ظاهرة ملموسة، الا أن الشاعر يضيف لنتاجه سمات فنية جديدة، استمرارية خلاقة لمجمل تجربته الشعرية.

# ABSTRACT

This research deal with 'Anwar Qadr's text' especially self-intertextuality in his three collections:(Zrya (Storm)، Zayala(Echo)، Znar(Rock))، which they depict his cultural and intellectual thoughts، and they are nets from endless codes. This is direct reason for other text's association by the mean of they arouse previous texts either directly or indirectly in a new way. It is reproducing the former texts in a new artistic function not as repetition.

This connectional net codes form a tangible phenomenon among his new and old texts، otherwise the poet adds a newer artistic specialization as creative improvement to his total poetical experiment.